


# ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکـراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکـان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بە سپۆنسەری کۆمپانیای (ئاسیا سێڵ) دەریدەکات
ژمارە (١٠) ٢٠١٠/٧/١١

### لەپایتەختی هەرێم

## یەکەمین کۆنفرانسی کتێبخانە گشتییەکان بەڕێوەدەچێت




بڕیارە ئـەمڕۆ(٢٠١٠/٧/١١) بەچاودێری وەزیری رۆشـــنبیری‌و لاوان، بەڕێوەبـــەرێتی گـــشتیی کتێبخانەگشتییەکان، سـەعات ١٠,٣٠ی پێشنیوەڕۆ لــەنێو کتێبخانــەی گـشتیی هــەولێر(زەیتــوون)، یەکـــەمین کۆنفرانـــسی کتێبخانـــە گـــشتییەکانی کوردســـتان دەســـتپێبکات‌و مـــاوەی سـێ رۆژیـــش دەخایەنێت.

کۆنفرانـسەکە کـە لـەژێر دروشمـی(پەرەپێـدانی کتێبخانـــە گـــشتییەکان ئـــەرکێکی مـــەعریفی‌و پەروەردەییـــە)دا ســـازدەکرێت، بەکردنـــەوەی پێشانگای وێنەی کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان دەستپێدەکات‌و پاشانیش لـەهۆڵی(سـوبحی کـۆیی) یەکەمین دانیشتنی وتار خوێندنـەوە بەڕێوەدەچێت کە تیایدا وتاری هەریەك لە لیژنەی باڵای کۆنفرانس‌و پارێزگـاری هـەولێرو حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان پێشکەش دەکرێت‌و پاشانیش لیژنـەکانی کـۆنفرانس دیاری دەکرێن.

هـەر ئـەمڕۆ لەدانـشتنی پـاش نیـوەڕۆدا چـەند تـــەوەرێك دەخرێنـــە بـــەرباس‌و لێکۆڵینـــەوە، کـــە تـــەرخانن بـــە بابەتـــەکانی زانـــستی کتێبخانـــەو زانیارییـــەکان، بەهـــەمان شـێوە رۆژانـــی ١٢، ٧/١٣ تـــەوەرەکانی دیکـــە گفتوگۆیـــان لەســـەر دەکرێـــت‌و پاشانیش راسپاردەکانی کـۆنفرانس رادەگەیـەنرێت‌و بەخوێندنەوەی بەیاننامـەی کـۆتـایی کارەکـانی ئـەم کۆنفرانسە کۆتاییان پێ دێت.

(لەدوالاپەڕەدا ناوی تەوەرەکان‌و ئامادەکارانیان دەخوێنیتەوە).

## کتێبخانەی کەرکوك بەچاپکراوی کوردی دەوڵەمەند دەکرێت

بـەپێی پـلان‌و بڕیـاری بەڕێوەبەرایـەتی گـشتیی کتێبخانە گشتییەکان، مانگانە لـەڕێی بەڕێوەبـەرێتی کتێبخانــەی گـشتیی چەمــچەماڵەوە، سەرچــاوەی کــوردی پێـشکەش بەکتێبخانــەی گـشتیی کـەرکوك دەکرێت.

هاوکات لە چاپکراوە دابینکراوەکـانیش بـەردەوام بەڕێوەبەرایـەتی نـاوبراو بەچـاپکراوی نـوێ هەریـەك لەکتێبخانــە گــشتییەکانی (داقــوق، دوزخورمــاتوو، پردێ) بەسەر دەکاتەوە.


کتێبخانەی گشتیی کەرکوك

(لەل/٧دا راپۆرتێك لەسەر کتێبخانە گشتییەکان دەخوێنیتەوە).

### لە بەندیخانەی سوسێ

## سەدان کتێب بۆ زیندانیان

رۆژی ٢٠١٠/٧/١، بەمەبەســـــــــــــتی بەســـەرکردنەوەی کتێبخانـــەی (بەڕێوەبـــەرێتی چاکسازیی کۆمەڵایـــەتی سوســـێ)ی فیـــدراڵی، ژمارەیـەك لـە کارمەنـدانی کتێبخانـەی گـشتیی سـلێمانی سـەردانی بەڕێوەبـەرێتی ناوبراویـان کـردو لەلایـەن بـەڕێزان بەڕێوەبـەرو سـتافی کتێبخانەو کارگێڕییەوە پێشوازییان لێکرا.

دوای بەســـەرکردنەوەی کتێبخانەکـــە، کـــە سەدان چاپکراوی بەزمانەکانی عەرەبی‌و کوردی تێدایـەو رۆژانـە زینـدانیان سـوودیان لێـدەبینن، بەڕێوەبـەر داوای کۆمـەك‌و هاوکـاریی کـرد بـۆ کتێبخانەکـــەیان‌و لەبەرامبـــەردا نوێنـــەرانی کتێبخانەی گشتیی بەڵێنی هاوکارییان پێدان.

ئەمـەو لەدرێـژەی گەشـتەکەدا، بەشـەکانی شێوەکاری‌و موزیك‌و وەرزش‌و گەلێك بەشی تری بەڕێوەبەرێتی ناوبراو بەسەرکرانەوە.

### بەبۆنەی کۆنفرانسەوە

## بەرەو سیستمی تایبەت بەکتێبخانەی کوردی

چـەندین سـاڵە پـسپۆڕانی بـواری زانـستی کتێبخانـەکان لەکوردسـتاندا بـیر لـە رێگـە چـارەیەك دەکەنـەوە بـۆ دانـانی سیـستمێکی تایبـەت بـۆ پـۆلێن کردنـی زمـان‌و ئـەدەبیات‌و مێـژووی کوردستان لەکتێبخانـەی کوردیـدا، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش چـەندین وتـارو لێکۆڵینـەوە خراوەتـە بەرچـاوو چـەندین کـۆڕو سـیمیناریش هەر سەبارەت ئەو کێشەیە ئەنجامدراوە.

دیـارە تـا ئـەمڕۆش هـەمواری زانـستیانەو ئەکادیمیانەی بۆ نەکراوەو ئەمەش بووەتە هـۆی



بـــەردەوامبوونی کێـــشەی هەمـــەجۆر لەکتێبخانەکانمانـــداو دروســـتبوونی بـــیروڕای جیاواز سەبارەت ئەو مەسەلەیە.

لەیەکەمین کۆنفرانسی کتێبخانە گشتییەکاندا یەك لەتەوەرەکان تەرخانە بۆ ئەم پرسە گرنگە، بـەهیواین ئـەم کۆنفرانـسە ببێتـە مایـەی کۆکردنەوەی بیروراکان‌و لیژنـەی سەرپەرشـتی‌و راسپاردەکانیش بتوانن کار بۆ دانانی لیژنەیەکی کارا بکەن بۆ چارەسـەری ئـەو گرفتـەو بـەوەش خزمـەتێکی گـەورە پێـشکەش بەکتێبخانـەی کوردی بکەن.

**ئاسۆی کتێبخانە**

### پێشنیازێک

## بۆ یەکەمین کۆنفرانسی کتێبخانەکان

خوێنەری بەڕێز دەبینێت ئـەم ژمارەیـەی (ئاسـۆی کتێبخانـە) دوو رۆژ بـەر لـەوادەی خـــۆی کـــە (١٣)ی هـــەموو مانگێکـــە، بڵاودەبێتەوە، هەڵبەت ئەمـە بـۆ هاوکاتییـە لەگـەڵ دەسـتپێکردنی کارەکـانی یەکـەمین کۆنفرانسی کتێبخانە گـشتییەکانی هـەرێمی کوردسـتان کـە بڕیـار وایـە لـە (٧/١١)دا بەڕێوەبچێت.

دیـارە بەسـتنی کۆنفرانـسێك لـەم هەلومەرجەدا، تایبەت بە رەوشی کتێبخانە گـــشتییەکان کـــارێکی پێویـــستەو جەختکردنەوەیە لەسەر بەرنامەی وەزارەتی رۆشـــنبیری‌و لاوان، کەئـــەویش بەهەنـــد وەرگرتنـــی رۆڵـــی کتێبخانەکانـــە، لەگـــەڵ کارکردن بۆ چارەسـەرکردنی گرفتـەکانیان‌و هەوڵی چالاك کردنی پرۆسـەی خوێندنـەوەو فێربوونە لەکوردستاندا.

وێـــڕای دەستخۆشـــی لـــەوەزارەت‌و بەڕێوەبـــەرێتیی گـــشتیی کتێبخانـــەکان‌و هەموو ئەوانەی بۆ سازکردن‌و بـەڕێوەبردنی کۆنفرانـــسەکە مانـــدووبوون، (ئاســـۆی کتێبخانە) دەخوازێت ئەم کۆنفرانسە ببێتـە روداوێکی روناکبیریی ساڵانە، یـان دووسـاڵ جارێك‌و بەر لەوادەشیان تـەوەرو باسـەکان لەنامیلکـەدا بەچـاپ بگـەێنرێن، تـاوەکو بەشـداران بـۆ گفتوگۆیـان ئامادەباشـی وەربگـــرن، هاوکـــات لەکۆنفرانـــسەکانی داهاتوودا کاربکرێت بۆ بەشداریی پێکردنی زۆرتـرین پـسپۆڕو کارمەنـدی کتێبخانـە گشتییەکان تیایاندا.

لێـرەوە، دەخـوازین ئـەم کۆنفرانـسە فاکتـەرێکی گـرنگ بێـت بـۆ گەشـەدان بەســـەرجەم کتێبخانـــە گـــشتییەکانی کوردســـتان لـــەڕووی بـــەڕێوەبردنیان‌و پێشخستنی لایـەنی هونـەری‌و کتێبخانـەیی تیایانـدا، هـەروەها پۆشتەکردنیان‌و پڕ لـە ئامێرو کەرەستەکردنیان، لەگەڵ دابینکردنی زۆرتـرین ژمـارە لـە کتێـب‌و چـاپکراوە بەنرخەکان بۆیان.

**سەرنووسەر**

3 شەڕو ئاشتی تۆلستۆی 
4 کتێبخانەی تایبەت 
7 کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان 
9 پۆلێنی دەیی جیهانی 

# عشقی خوێندنەوە

محەمەد فەریق حەسەن

کۆمەڵگای خوێندەوارو پڕخوێنەر، جڤاکێکی تێگەیشتوو پێنەگەیشتوو دەهێنێتە بەرهەم. بۆ ئەوەی ئاستی ژیاریو فەرهەنگیی میللەتێك بزانێت، گەرەکە بچیتە بنجوبناوانی، بزانی رۆڵەکانی ئەو گەلە چی دەخوێننەوە؟ فەلسەفە، رۆمان، هزر، شیعر..؟ ئەوی راستی بێت، ئەو توێژە خوێندەوارەی ئێستای کوردی باشوور، بەزۆری سەرقاڵی خوێندنەوەی سەربوردەی، رسواییەکانن، لەگەندەڵیو جۆرەکانی، ماڵیو کۆمەڵایەتی. ئەویش لەڕێی رۆژنامەکانی ئۆپۆزسیۆنو ماڵپەڕەکانەوە. ئەم هەڵبژاردنە لەخۆیدا واتای خۆی هەیە. ئەوی راستی بێت، گەندەڵی زەینی خوێنەری ئەم رۆژگارەی بەرۆشنبیرو تەواوی رەشە خەڵکەکەوە داگیرکردووە. قسەی خەڵك لەپایخانەو دانیشتنو شەومیوانی، هەر دێتەوە سەر ئەم پرسەیەو کۆتایی پێ نایەت.

خەریکە رۆژنامەو ماڵپەڕەکان دەبنە ئەلتەرناتیڤی کتێبە جیدییەکانو تەنگ بەئەدەبو هزرو فەلسەفە هەڵدەچنن. واتە خەریکە(موهاتەرات) رێ بەئەدەبی جوانو تەواوی رشتە گرینگەکان. یان دەکرێ بەگشتی بڵێین، خوێندنەوەی رسواییەکانو موهاتەرات لەوەدایە جێ بە(فەرهەنگ) لێژ بکەن.کێرڤی فەرهەنگ بەگشتی ڕوو لەنشێوەو بەرەو تەنکاو کاڵبوونەوە دەچێت. وەکوتر، لەباشوور زۆرینەی لاوان، ئینتەرنێت، کە دەکرێت ببێتە کەناڵێکی دەوڵەمەند بۆ خوێندنەوە، بەدۆستی بەکارناهێننو گەندەسوودی لێ وەردەگرن.


جیرمی هوثرن

ئاشکرایە کە خەڵك لەڕێی پرۆسێسی خوێندنەوەوە فێر دەبن، گەشەی هزری دەکەنو زانیاری کۆدەکەنەوە. بەڕادەیەك، دوای خوێندنەوەی چەند کتێبێکی دەوڵەمەند، ئیتر هەست دەکەن ئەوان چیتر مرۆڤە کاڵفامەکەی جاران نین. بەڵکو هەڵکشاوترنو زەینیان روونترەو چێژیش لەخوێندنەوە دەبینن. دوای ماوەیەك، لەخۆیان رادەبینن دیاردەکانی نێو جڤاکەکەی خۆیان بەزەینی خۆیان شیبکەنەوەو هەڵبسەنگێنن، رەنگە پێشبینی هەندێ رووداو دیاردەیش بکەن.

بۆ ئەوەی تاك، لەسەر خوێندنەوە رابێتو ببێتە دۆستی کتێبو فەرهەنگ بەگشتیی، تەنیا یەك رێگەی لەبەرە. ئەویش ئەوەیە بە بەردەوامی کتێب بخوێنێتەوە. وەك چۆن لەشجوانێك پێویستی بە مەشقی رۆژانە هەیە. دیارە خوێنەری جیددی، لەگەڵ چوونە پێشەوەی رۆژگاردا دەتوانێت خێراتر بخوێنێتەوە. ئەئاگاتر کتێبو بڵاوکراوە هەڵبژێرێتو لەوێشەوە ئاسۆی بیرکردنەوەی خۆی فراوانتر بکات. ئیتر لێرەوە، پرۆسێسی خوێندنەوە وەك خدەیەکی لێدێتو ناتوانێت پشتی تێبکات.

بەڵێ، خدەی خوێندنەوەش وەك خدەگرتن بەوەرزشەوە وەهایە. تۆ بۆ ئەوەی ببیتە یاریزانێکی سەرکەوتووی تۆپی پێ، گەرەکە لەتەمەنی منداڵییەوە دەستت دابێتە ئەو یارییەو لەسەریشی بەردەوام بوبێتو بێ پچڕان هامشۆی یاریگەی تۆپی پێت کردبێت. ئەوجا چاوەڕوانی ئەوەت لێ دەکرێت، لەقۆناغی هەرزەکاریدا یاریزانێکی سەرکەوتووت لێ دەربچێت. خوێندنەوەیش ئەو خدە جوانەیە، ئەگەر بەمنداڵی فێری بوویتو لەگەڵیدا راهاتیت ئیدی پشتی تێناکەیتو تاسەر گەڕان لەدووی فەرهەنگو زانیاری، دەبێتە خولیاو عەشقی کتێب لەویژدانتدا رەگ دادەکوتێ. وێڕای ئەوەی خێراییت لەخوێندنەوەدا هەڵدەکشێت. ئەوجا وەك دەڵێن: (دەتوانی بندێری


چارلز دیکنز

نووسینەکان بخوێنیتەوە)و قسەی خۆت لەسەر ئەو بەرهەمانەیش هەبێت کە دەیانخوێنییەوە. دەشێ لەئایندەدا ببیتە رووناکبیرێکی دیاری کۆمەڵگەکەی خۆتو خەڵك لەمەڕ پرسە هەڵایساوەکانی رۆژ، پرست پێ بکەنو راو بۆچوونەکانیشت بەهەند وەربگرن.

بێگومان خوێندنەوە چەند ئاستێکی هەیە. لەخوێندنەوەی خوێندکارێکی قۆناغی سەرەتاییەوە کە بەنیازە فێرە زمان ببێت، هەتا دەگاتە ئەو خوێنەرەی کە دەتوانێت توێژینەوە لەمەڕ ئەو بەرهەمانە بکات کە دەیانخوێنێتەوە. ئەویش بەنیازی تێگەیشتنی وردو بەشداری کردنو چوونە نێو بنجو بناوانی هزری نووسەر، تا ئاستی دەوڵەمەندکردنی تێزەکانی نێو ئەو کتێبە.

لەم رووەوە، جووتە نووسەری کتێبی(چۆن کتێبێك دەخوێنییەوە) دەڵێن: (خوێندنەوەی کتێب دەبێ گوتەبێژ بێت لەنێوان تۆی خوێنەرو ئەوی نووسەردا. وەها چاوەڕوان دەکرێت، ئەمەی دواییان(نووسەر)، سەبارەت بەو باسەی کە لێیدەکۆڵێتەوە، لەخوێنەر پتری لێ بزانێت. ئەگەر وەها نەکەوتەوە، ئەوا لێت چاوەڕوان دەکرێت خۆت بەو خوێندنەوەیە ماندوو نەکەیت).

لەلایەکی ترەوە، دەشێ بڵێین: چەمکی خوێندنەوە، هێندەی مێژووی سەرهەڵدانی خودی مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارەیە کۆنە. واتە بەر لەپەیدابوونی پیتەکانو پێش سەرهەڵدانی پرۆسەی نووسینیش، خوێندنەوە بەشێوەیەك لەشێوەکان هەر هەبووە.. بۆ نموونە، مرۆڤی کۆن بۆ هەر دیاردەیەکی سروشتی وەك: لافاو، مانگگیرانو خۆرگیرانو هەورەبروسکە.. خوێندنەوەی ئەفسانە ئامێزی خۆی هەبووە، کە مرۆڤی ئێستا خوێندنەوەی زانستییان بۆ دەکات. وەلێ گومانی تێدا نییە کە خوێندنەوەی راستینە لەدۆڵی میزۆپۆتامیاو دۆڵی نیلەوە دەستی پێ کردووە. واتە باپیرانی ئێمە، لەو گەلانە بوون کە زۆر زوو ئاشنایەتییان لەتەك خوێندنو خوێندنەوەدا پەیدا کردووە.

سەبارەت بەخوێندنەوەی ژانرێکی گرینگی وەك رۆمان، (جیرمی هوثرن) لەکتێبەکەیدا بەناوی(دەروازەیەك بۆ توێژینەوی رۆمان) دەڵێ: (بەپێچەوانەی شیعرەوە کە چەند سەدەیەك بەر لەپەیدابوونی نووسین هەبووە، تاکو ئێستایش لەفەرهەنگە زارەکییەکاندا هەندێك دۆخ هەیە، کە لەوێدا کەسانی نەخوێندەوار کۆدەبنەوەو گوێ لەرۆمان دەگرن، کاتێك بۆیان دەخوێندرێتەوە.. بەشێکی زۆریش لەجەماوەری(چارلز دیکنز) لەم جۆرە خەڵکە بوونە. لەچاخی(ڤیکتۆری)دا، خدەی خوێندنەوە، بەدەنگی بەرز، دەنووسریو کەسێکی دیکە بەبێدەنگی دەیخوێنێتەوە). هەرچۆنێك بێت، حاڵی حازر، لەجیهاندا ژانری رۆمان خوێنەری زۆری هەیەو بەردەوام رۆمانە گرینگە کۆنەکانیش، لەنوێ چاپو بڵاودەکرێنەوە.


سەرچاوە:

١- کیف تقرأ کتابا، تألیف: مورتمیر آدلر وتشارلز ڤان دورن، ترجمة: طلال الحمصي، ط(١)، دار العربیة للعلوم، ١٩٩٥.

٢- مدخل لدراسة الروایة تألیف، جیرمیی هوثورن، ترجمة: غازی درویش عطیة، دار الشؤون الثقافیة العامة، ١٩٩٦.


# لەزاراوەکانی کتێبخانەو زانیارییەکان

و. تابان حەسەن

**شیکردنەوە/ لێدوان**

سەرنجێکە دەخرێتە سەر دەروازە لەپێڕستدا، یان لیستی سەرچاوەکان بیبلیۆگرافیا، بۆ راڤە، یاخود هەڵسەنگاندن، یان وەسفی بابەتەکەو ناوەرۆکی کتێبەکە، تیایدا زانیاری پێویست سەبارەت بە نووسەریش دەدرێت.

- **دەروازەی نووسەری نادیار** Anonymous Entry

دەروازەی تۆماری(تەزوید)ی تایبەت بەچاپکراوی بڵاوکراوەیە بۆ هەر نووسەرێکی نادیار.

* **کارتی کراوە** Aperture Card

کارتی پەڕەپەڕەی کونکراوەو لاکێشەییەو بەتایبەت دروستکراوە بۆ لەسەر دانانی فیلمە بچووککراوەکان.

* **هەڵسەنگاندن** Appralsal

نرخاندنی بەهای کتێبە لەڕووی بەشدارییکردنی لەهەریەك لە بابەتەکاندا.

هەروەها دیاریکردنی بەهای دوکیومێنتە مێژووییەکانە لەڕووی بەکارهێنانی یاساییو داراییو کارگێڕییەوە، لەگەڵ پەیوەندییان بەبواری دیکەوە، وەك بەکارهێنانیان لەتوێژینەوەکانو گەڕانەوەی زانیارییەکاندا.

- **دانەی کتێب بەرەو رەزامەندیی** Approval Copis

وێنەیەکە لە بەرهەمی توێژەر کە ئامادەکراوە بەرلەوەی دوا فۆرمی چاپ بگرێتەخۆ.

* **سەرچاوەی ئەرشیفی/ سەرچاوەی بەڵگەنامەیی** Archlval Source

بریتین لەو دۆکیۆمێنتو سەرچاوانەی کە لەئەرشیفدا کۆدەکرێنەوەو دەپارێزرێن.

* **بەهای مێژوویی** Archival Value

بڕیاری پاش هەڵسەنگاندنە بۆ هەر بەڵگەنامەیەك کە شایانی ئەوەبێت وەك خۆی بۆ هەتاهەتایە هەڵبگیرێتو بپارێزرێت.

* **پارێزراوەکان، ئەرشیفی دەزگای بەڵگەنامەکان** Archives

- تۆماری گشتی: یان ئەو دۆکیۆمێنتانەیە کە بەهای مێژووییان هەیەو بەکتێبخانەیەك دەسپێردرێنو هەڵدەگیرێن کە باوەڕپێکراوبێت.
- دۆکیۆمێنتی مامەڵە رەسمییەکان کە وەکو سەرچاوە بۆ بەکارهێنانی رەسمیی دەپارێزرێن.
- کتێبخانەی سپاردن خۆیشی بە دەزگای بەڵگەنامە مێژووییەکان دەناسرێت.

## کتێبەکانی کتێبخانەکەم

د. فەرهاد پیربالْ

# بۆچوونەکان
# Propos


ئالان

کتێبی (بۆچوونەکان) propos نووسراوی فەیلەسوفی فەڕەنسی، ئێمیل شاغتیێ، ناسراو بە ئالان Alain(١٨٦٨-١٩٥١) دەبووایە کەسێکی وەك من بیخوێنێتەوەو لەدەستی نەچێ: چونکە چەند ساڵێك دووای خوێندنەوەی، دەهاتمەوە کوردستانو لەناو زانکۆکانی کوردستاندا تێکەڵ بە قوتابیو خوێندکارانی زانکۆ دەبووم.

ئالان لە یەکێك لە قوتابخانەکانی دەوروبەری پاریس مامۆستا بوو. پاشان لەزانکۆ بووە مامۆستای بەشی فەلسەفە: کاریگەرییەکی زۆری نواند بەسەر گەنجو قوتابیانی زانکۆکانی پاریس.

ئالان لەکتێبی(بۆچوونەکانPropos) فەیلەسووفێکی رادیکاڵو بەرگریکاری بنەماکانی فەلسەفەی تاکباوەڕی، دژی هەموو دەسەڵاتو تۆتالیتارێکە کە دەیەوێ هاوڵاتیو تاکە کەسیو ئازادییەکانیان بخاتە ژێر فشارو زەبرو زەنگەوە.

مانای ئەوە چییە لە سیاسەت تێ بگەی؟ ئالان لە وەڵامدا دەڵێ: "تێگەیشتنمان لە سیاسەت پێش هەموو شتێك مانای ئەوەیە لەو کاریگەریو کاردانەوانە تێ بگەین کە لەنێوان دەسەڵاتو تاکە کەسە حوکمکراوەکاندا روو دەدات".

کەواتە چەمکی"ئێمە" لە فەلسەفەی ئالان دا، وەك شاعیر لە کۆمارەکەی ئەفلاتۆن دا، بوونی نیە، چونکە بەبۆچوونی ئالان هەر بیرکردنەوەیەك لەڕێگای خەڵكو"ئێمە"وە بێت، هەر بیرکردنەوەیەك"عەوام" ئەنجام بدات؛ لە سیاسەتی ئالان دا بریتییە لەگەمژەییو بەربەرییەت. ئالان لەم بارەیەوە دەڵێ: "هەر کاتێ خەڵك پێکەوە بیریان کردەوە، یەکسەر کارەکان تێك دەچن".

ئالان، بەم شێوەیە پێی وایە کە هیچ شتێك لەسیاسەتی کۆمەڵ شەڕەنگیزتر نیە. سیاسەتی فەیلەسووف بریتییە لەسیاسەتی تاك؛ چونکە لای ئالان، کۆمەڵ هەمیشە بریتییە لەداڕووخاندنو سەرکوتکردن. کۆمەڵ هەمیشە کوێرە، شەڕو کۆیلەییو فیتنە بەرهەم دێنێت. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، ئالان دەڵێ:"مرۆڤایەتی بەردەوام خۆی لەتاکەکەسدا دەدۆزێتەوە"، "هەر بۆیەش تاك هەمیشە دژی کۆمەڵ بیردەکاتەوە".

ئالان دەڵێ: دەسەڵات بریتییە لە گرووپ، ئۆفیس، رای هاوبەش، نیزام، دیسپلین؛ بریتییە لەچاودێری باڵا. بەکورتی دەسەڵات بریتییە لەوەی کە تاکە کەس سەرکوت دەکات. لەڕووی سیاسیشەوە بریتییە لەدەوڵەتو جەماوەر بەیەکەوە، ئەو جەماوەرەی کە لەڕێگەی پیرۆزییەکانەوە خۆی دەوڵەت دروست دەکات. دەسەڵات بریتییە لەئارەزووی گرووپو خەڵك، بریتییە لەو دەسەڵاتەی کە تاکە کەسەکان دەیبەخشن بەگرووپێكو ئەویش لێیان هەڵدەگەڕێتەوە. ئالان دەڵێ: بۆیەش شەڕو جەنگەکان روودەدەن؛ چونکە بریتیین لەبەرهەمی رووە ناشرینو ناماقووڵەکەی دەسەڵات.

بۆ دەربازبوون لەهێزی دەسەڵاتو بەئاوات گەیشتنی مرۆڤ، بەبۆچوونی ئالان، پێویستە یەکەم جار سیاسەتی هاوڵاتی دژی دەسەڵات دابمەزرێنین: هاوڵاتی بوونی تاکەکەس بەرامبەر دەسەڵاتی سەربازیو سیاسی لەیەك کاتداو دژی هەموو دەسەڵاتەکان. دووەم شتیش کە پێویستە تێکی بشکێنین بریتییە لە وەهمی دەسەڵات لەبارەی خۆی؛ خەونەکانی دەسەڵاتداران پووچ بکەینەوە.

گەنجو قوتابییانی راپەڕینی فەرەنسای مایسی(١٩٦٨)، چەند فەیلەسووفێکی وەك ئالانیان خوێندبۆوە؛ بۆیە بوێرانە هاتن لەسەر دیوارەکانیان نووسی:(ئەی دەسەڵاتداران! ئەی ئۆستادەکان! پیربوونی ئێوە تەریبە لەگەڵ پیربوونی رووناکبیرەکان؛ مۆدێرنیزمی ئێوە جگە لەنوێکردنەوەی پۆلیسەکانتان هیچ شتێکی دیکە نیە...

ئەم کتێبە

●پ.د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ

## شەڕو ئاشتی

بۆ باسی (شەڕو ئاشتی )ی تۆلستۆی دەبێ چەند هەڵقە پێشەکی بنووسم، ئەوسا بچمە سەر باسی ئەو رۆمانەی کە ڕەنگە تا ئێستا مەزنترین‌و بەناوبانگترین رۆمانی جیهان بێت. لەئەدەبیاتی رووسی‌و سۆڤێتیدا سێ رۆماننووس بە ناوی (تۆلستۆی)یەوە هەن، کۆنترینییان، یان یەکەمیان (لیێڤ تۆلستۆی)یە کە بە باوکی دادەنێن.

ووشەی (لیێڤ) بەرووسی (شێر) دەگەیێنێ، بەڵام ئەم لیێڤە لە هەندێ وەرگێڕانە ئەوروپاییەکاندا بە (لیو) وەرگێڕراوەو عەرەبیش هەر وای لێکردووە.

لیێڤ تۆلستۆی ساڵی ١٨٢٨ لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی موڵکدار یا عەرەب ووتەنی (نەبیل) لە دایکبووە، سەرەتا لەبەر خۆشویستنی رۆژهەڵات هەندێ لە زمانەکانی رۆژهەڵاتی خوێندووە، فەللاحی خۆشویستووە، رەنگە هەر ئەوەش بردبێتیە سوپای کازاك (قۆزاق)ەوە، ساڵی ١٨٥١ دەستی داوەتە نووسین، ساڵی ١٨٥٧ واز لەو سوپایە دەهێنێ.

رووداوو کارەساتەکانی جەنگی رووس‌و ناپلیۆن زۆر کاری تێکردووەو پێوەی خەریك بووە. لەبەر ئەوە بە شەش ساڵ (١٨٦٣–١٨٦٩) رۆمانی (شەڕو ئاشتی)ی نووسیوە، کە بە چەند بەرگ چاپکراوە.

تۆلستۆی ئەو دەرەبەگەبوو کە موڵکەکانی خۆی بەسەر فەللاحەکاندا دابەشکرد، بەڵام بەوە دەرەبەگ لەناو نەچووو هەژارانیش یەکێکیان زیادکرد، ساڵی ١٩٠١ لە چاپەکان نزیك دەبێتەوە.

١٩٠٨ دژی لە سێدارەدان بەیاننامە دەنووسێت، لە ٢٨ی ئۆکتۆبەردا کە رۆژی لەدایکبوونێتی لە ساڵی ١٩١٠دا ماڵ بەجێدێڵێ‌و سەری خۆی هەڵدەگرێ، تا لە ئیستگەیەکی شەمەندەفەردا لەبرساناو لەسەرمانا دەمرێ‌و جیهان بەجێدێڵێ.

لەرۆمانە بەناوبانگەکانیدا (ئەنناکارنینا)و (ڤۆسکریسێنێ)ـ کەمانای زیندووبوونەوەو رۆژی (یەکشەممە)ش دەگەیێنێ، کراون، یاخراونەتە سەر زۆر زمانی جیهان.

بۆ هەڵقەکانی ترو بۆ باسی هەردوو (ئەلیکسی تۆلستۆی)و باسیتری (لیێڤ)ی مەزن‌و (شەڕو ئاشتی).

### لەکتێبخانە بەناوبانگەکانی جیهان

# کتێبخانەی نیشتمانیی تاران

ئا. رۆژان سەیفور


پەیکەری فیردەوسی لەبەردەم کتێبخانەکەدا

ساڵی ١٩١١ کتێبخانەی نیشتمانی لە تاران دامەزراوە، دوای ئەوەی هەر لەو ساڵەدا بە فەرمی دەنگ بە یاسایەك دراوە تایبەت بە کتێبخانەی نیشتمانی.

سەرەتا کتێبخانەکە بریتی بووە لە ١٤ هەزار کتێبی چاپکراو و ٣٠٠ هەزار دەستنووس‌و ئێستا گەیشتووەتە ٧ ملیۆن کتێب.

ساڵی ١٩٢٣ پەیڕەوی ناوخۆ لە ٢٧ ماددەدا دانراوە، هەر چۆن ناوەکەشی لە سەردەمی پاشایەتی پێشووەوە گۆڕانی بە سەردا هاتووەو بەم شێوەیە بووە(کتێبخانەی خانەی هونەر، کتێبخانەی مەعاریف، کتێبخانەی نیشتمانی رۆشنبیری، کتێبخانەی فردەوسی لەگەڵ کتێبخانەی نیشتمانیی تاران).

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانیش،ساڵی ١٩٨٠ کتێبخانەی(پەهلەوی)ش خراوەتە سەری، لەوەوبەر کتێبخانەکە سەر بەوەزارەتی خوێندنی باڵا بووە، بەڵام ساڵی ١٩٩٠ راستەوخۆ خراوەتە سەر سەرۆکایەتی کۆمار، پاشان ساڵی ٢٠٠٢ بەڕێوبەرێتی بەڵگەنامە نیشتمانییەکان خراوەتە سەر ئەم کتێبخانەیەو ناوەکەی بووەتە(بەڕێوەبەرێتی بەڵگەنامەکان‌و کتێبخانەی نیشتمانی).

### ئامانجەکانی

*کۆکردنەوەی سەرجەم بەڵگەنامەکان کە لە وڵاتی ئێراندا بڵاوکراونەتەوەو پاراستن‌و ناساندنیان.

*کۆکردنەوەی سەرچاوەو جێماوی بڕواپێکراو کە لە دەرەوە نوسرابن بەهەر شێوەو زمانێك بێت‌و پاراستنیان لە کتێبخانەکەدا.

*یاریدەدانی کتێبخانەکانی دیکەی وڵاتەکە بۆ گەشەکردنیان، ئەویش لە رێی ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت بەبوارەکانی کتێبخانەو زانیارییەکان‌و بەشداری لە دارشتنی پلانی نیشتمانی‌و نێودەوڵەتی تایبەت بەکتێبخانەکان، هەروەها مەشق پێکردنی هێزی مرۆیی کارگەر لە بوارەکەدا.

### دەستەی ئەمیندارانی کتێبخانەکە

ئەم دەستەیە بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە کتێبخانەی نیشتمانیداو ئەندامەکانی بریتین لە:

١. سەرۆك کۆمار وەك سەرۆکی باڵای کتێبخانەی نیشتمانی.
٢. وەزیری زانستی‌و توێژینەوەو تەکنەلۆژیا.
٣. وەزیری پەروەردەو فێرکردن.
٤. وەزیری رۆشنبیری‌و رێنمایی ئیسلامی.
٥. دووان لە پسپۆڕانی بواری کتێبخانەکان.

### چەند زانیارییەکی تر

*ساڵی ١٩٩٦ بینای نوێی کتێبخانەکە لەباکووری تارانی پایتەخت بەردی بناغەی دانراوەو تا ئێستا تەواو نەبووە، رووبەرەکەی ٦٢ هەزار مەتر چوارگۆشەیەو ٩ هەزار مەتری چوارگۆشەی تەرخان کراوە بۆ بەشی کتێبخانەو گەنجینەکانی.

*بەهۆی جێگانەبوونەوەی ئەو ژمارە زۆرەی خوێنەران لە هۆڵەکانی کتێبخانەکەدا، مافی بەشداربوون بە تەنیا دراوەتە خاوەن بڕوانامەکانی پسپۆڕی‌و خوێندکارانی حەوزە ئاینییەکان‌و توێژەرو نوسەرو خاوەن دەزگاکانی بڵاوکردنەوە، لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆ کە توێژینەوەی زانستی ئامادە دەکەن.

*دەوامی کتێبخانەکەش لە کاتژمێر حەوت‌و نیوی بەیانییەوە دەستپێدەکات تا کاتژمێر هەشتی ئێوارە، جگە لە رۆژانی پشووی رەسمی، رۆژانی (هەینی)ش دەرگای کتێبخانەکە والایە بەڕووی هامۆشۆکەرانی.

سەرچاوە:
www.iranculture.org


کتێبخانەی نیشتمانیی تاران

# ئەو (١٠) کتێبەی جیهانیان هەژاند

## دووەم: سامانی نەتەوەکان

ئا. راستی

کتێبێکی(ئادەم سیمث)ەو لەدوو بەرگدا بەناونیشانی(پرسیار سەبارەت بەسروشت‌و هۆکاری سامانی نەتەوەکان)ە، کە کاتی خۆی لە لەندەن چاپکراوە، واپێشبینی کراوە کە لەو بوارەی چالاکی مرۆییدا کاردانەوەیەکی زۆری هەبێت، بەڵام سەرەتا وەها نەبووە، بەڵام سەدەیەك دوای مەرگی نووسەرەکەی(دوای شۆڕشی ئەمریکا)و لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی فەرەنسی‌و بەرەوپێشچوونی رەوشی پیشەسازییدا، بایەخ بەو کتێبە دراوە.

ئادەم سیمث، خەڵکی ئوسکتلندە بووەو لەتەمەنی چواردە ساڵیدا لە ١٧٣٧دا پەیوەندی کردووە بەزانکۆی گلاسکۆو لەوێ کەوتووەتە ژێر کاریگەریی(فەرەنیس هتشسون)ی مامۆستای کە جەختی لەسەر بیروڕاکەی کردووەتەوە(بەختەوەریی مەزن بۆ ژمارەی مەزن)، ئەوەش بووەتە فەلسەفەی ژیانی، پاشان چووەتە زانکۆی ئۆکسفۆردو شەش ساڵیش لەوێ خوێندوویەتی‌و زۆربەی کاتەکانی بەخوێندنەوەی ئەدەبەوە بەسەر بردووە. هەر لەزانکۆی گلاسکۆ بووەتە مامۆستای وانەکانی زانستی لۆژیك‌و میتافیزیك‌و دواجاریش فەلسەفەی رەوشت.

دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی(تیۆری سوزە رەوشتییەکان) کە دەنگدانەوەیەکی باش هەبووەو هاوسەردەمانی خۆی لە(سامانی نەتەوەکان) باشتر نرخاندوویانە.

دوای گەشتی بۆ ئەوروپاو دیداری لەگەڵ ئابووریناسان‌و فەیلەسووف‌و بیرمەندان، بەتایبەت لە فەرەنساو دوای نووسینی یاداشتەکانی لە١٧٥٩دا بیرۆکەی(سامانی نەتەوەکان)ی لەلا خەملاوە، بەڵام لەسەرخۆ ئەنجامی داوەو دوای تێڕامان‌و خوێندنەوەو توێژینەوەو گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکی جیاوازدا، پاش سێ ساڵ کارکردنی تیایدا لە لەندەن، ساڵی ١٧٧٦ لەچاپیداوە، ئیدی چەندین جار لەچاپدراوەتەوەو بۆ زۆر زمانی زیندووش وەرگێڕراوە.

سامانی نەتەوەکان، بەتەنیا پەیامێ نەبووە لەئابووریدا هێندەی ئەوەی ئینسکلۆپیدیایەك بووە، یەکێك لە رەخنەگران بە(مێژووی شارستانییە ئەوروپییەکان‌و رەخنە لێیان) ناویبردووە، تیایدا نووسەر قسەی لەسەر(دابەشکردنی کار) کردووەو چووەتە سەر چەند باسێکی تری وەکو(مێژووی دراوو سوودی، نرخی کالاکان، کرێی کارو سوودی بازرگانی‌و گەشەی ئابووریی لەکەوتنی ئیمپراتۆریەتی رۆمانەوە، داهاتی پاشا، داکۆکی لە دادو گەشەی سوپاکانی ئەوروپاو مێژووی خوێندن لەچاخەکانی ناوەندو رەخنە لەزانکۆکان‌و مێژووی هێزی دنیایی کڵێسەو سیستمی باجەکان‌و داهاتی گشتی).

سیمث، مەسەلەی گشتیی کە کتێبەکەی لەسەر


ئادەم سمیث

بونیاد ناوە بۆچوونی(نیکۆلا ماکیاڤیلی) بووە کە بریتی بووە لە(بەر لە هەموو شتێك مرۆڤ بەرژەوەندییەکانی لامەبەستە، کە سامان یەکێکە لەوانە، خۆپەرستیشی لەپشت چالاکیی مرۆڤەوەیە، بەڵام لای ئەو خەسڵەتی خۆپەرستی رەوایەو لەپێناوی بەرژەوەندیی کۆمەڵدا دەیبینێت).

ئادەم سیمث، ئەو کەسەبوو کە بانگەوازیی(ئازادی ئابووریی) لەسەردەمی راستەقینەی خۆیدا راگەیاندو کتێبەکەشی لەمێژوودا خاوەن دەنگ‌و سەنگەو بەهەق شایانیەتی کە پێی دەگوترێت (باوکی زانستی ئابووریی نوێ).

اوراق، ملحق جريدة المدى ٢٠١٠/٥/٢



چاپی عەرەبی کتێبەکە



چاپی ئینگلیزی کتێبەکە

# کتێبخـانەی تایبەت

(٣-٣)

جەزا ئەحمەد قادر

## ڕێکخستنی سەرچاوەکان

وتەیەك هەیە لە ناو ڕۆشنبیران‌و نووسەراندا.. دەڵێت: ئەوکتێبخانەیەی کە سەرچاوەکانی بەڕێك‌وپێکی دانراوەو شپرزەیی تێدا نییە ڕازاوەو قەشەنگ بێت.. ئەوە مانای وایە خاوەنەکەی نایانخوێنێتەوەو بەکاریان ناهێنێ، بە پێچەوانەوە تا شپرزەو هەڵوەشاوو ناڕێك دانرابێت‌و سەرچاوەخرابووە سەر سەرچاوە مانای وایە زۆر بەکاردێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ئەم جۆرە کتێبخانانە وەك کتێبخانەکانی ترنین ئەم کتێبخانە تایبەتییانە فەرمانبەرێکیان نیە تاوەکو سەرچاوەکان پێرست‌و پۆلێن بکات، بەڵکوخودی خاوەن کتێبخانەکە پشت بە سەلیقەو شارەزایی خۆی دەبەستێت لەریز کردن‌و پۆلێن کردنیان، ئەو شێوازەی کتێبخانەیەکیان پێ ڕێکدەخرێت بەم جۆرە دەبێت:

١- بە پێی کات (ساڵ یان مێژووی دەرچوونی کتێب یان سەرچاوە) .

٢- بە پێی جۆری بابەت ( شیعری، فیکری، ڕۆشنبیری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانستی، ئەدەبی، مێژوویی، فەلسەفی.. هتد).

٣- بە پێی مەبەست (گۆڤارو ڕۆژنامەکان، خوێندنەوە، دەست نووسەکان ، فەرهەنگی زمانەوانی، بەڵگەنامە، کەرەستەدەگمەنەکان.. هتد).

٤- تێکەڵاو( واتە خاوەن کتێبخانە یان کاتی نییە، یان تاقەتی نییە، یان خۆی بەو شێوەیەی حەزی پێ‌دەکات).

## مەرجەکانی خواستن

لەم جۆرە کتێبخانەیەدا خاوەن کتێبخانە مەرجی خواستن بە مەیلی خۆی دادەنێت بە ڕەچاوکردنی یاسای باوی کتێبخانەکانی تر، ئەوەی بەرچاوم کەوت لە سەردان‌و گەڕانەکانمدا بۆ هەندێك لەو کتێبخانانە یان وەك زانیاری وەرم گرتووە بریتین لەم شێوازانەی خوارەوە باسی دەکەین کە لە هەندێك لە کتێبخانە تایبەتەکاندا نووسرابوو، وەك:

١- لەیەك سەرچاوە زیاتر داوا مەکە.

٢- تاسەرچاوەی یەکەم نەگەڕێنیتەوە مافی وەرگرتنی سەرچاوەی دووەمت نیە.

٣- دواخستنی سەرچاوە لە گێڕانەوەی لە کاتی خۆیدا متمانەت بۆ ناهێڵێت .

٤- بەهیچ شێوەیەك کتێب هەڵناوەشێنرێت بە مەبەستی لەبەرگرتنەوە .

٥- ونکردنی هەرسەرچاوەیەك بژاردنی سەرچاوەکەیە دەبێت پەیدای بکەیتەوە.

٦- دەستنووس‌و بەڵگەنامەو هەندێ سەرچاوەخواستن‌و بردنە دەرەوەی نیە تەنها دەتوانیت تەنها لێرەدا بیخوێنیتەوە یان بەکامێرا وێنەی بگریت .

٧- ماوەی خواستنی هەر سەرچاوەیەك تەنها( ) ڕۆژە.

٨- هەرسەرچاوەیەك زیانی پێ بگات دەبێت چاکی بکەیتەوەو تجلیدی بکەیت.

## تۆمارکردنی سەرچاوەکانی کتێبخانەی تایبەت

هەندێ خاوەن کتێبخانە تۆمارێکیان دروست کردووەو ناوی سەرچاوەکانیان بەپێی تایبەتمەندی ماددەکان جیاکردۆتەوەو نووسیویانە بە پێی ئەم زانیاریانە (ژمارە- ناوی نوسەر یا وەرگێڕ- ناونیشانی کتێب- ساڵی چاپ- نرخی کڕین)، هەندێکیشیان پێرستی کتێبەکانیان خستووەتە نێو کۆمپیوتەر، یان پشتیان بە (سجلی تزوید) بەستووە وەك خۆی هەندێکی تریشیان هیچیان بۆنەکردوە بەڵام دەزانن سەرچاوەکان لەکوێ دان بونیان هەیە.

## کێشەو گرفتەکانی کتێبخانەی تایبەت

هەرکتێبخانەیەك کێشەو گرفتی خۆی هەیە کە پێوەی دەناڵێنێت چونکە ئەم کتێبخانانە لە ناو ماڵدان کێشەکانیان زۆرە لەوانە:

١-بێ شوێنیی : نەبونی جێگای پێویست‌و شیاو لەنێو ماڵدا بۆ کتێبخانەکە کە ڕەنگە ژوورێك یان زیاتر بگرێت، سروشتی پێکهاتەی خانوو ماڵی لای ئێمە وایە کە ماڵ لە چەند ژوورێکی کەم پێك دێت‌و ناتوانین لایەك فەرامۆش بکەین بۆ کتێبخانە.

٢-نەبونی ڕەفەی گونجاو: کەمی تاق یان ڕەفە یان کتێبخانەی لە دار دروستکراو لەچاو زۆری سەرچاوەدا گرفتێکی تری کتێبخانە تایبەتییەکانە.

٣-نالەباری کەشی سروشتی ناو ژوورەکە لە پلەی ساردو گەرمی‌و شێ‌و تیشکی خۆر، ئەمانە هەمووی کاردانەوەی خراپیان هەیە لە سەر تەمەنی سەرچاوەکان‌و تێکچوونیان.

٤- نەبونی جێگا بۆ خوێندنەوە: لە ناو کتێبخانەی تایبەتدا ئەم هۆکارە ناگونجێت لەبەر بێ‌جێیی یان سروشتی نەگونجاوی خێزانیی بۆ هامۆشۆکەرانی زۆری کتێب خوێندنەوە..

٥-شاردنەوەی ناونیشانەکان: بە هۆی هەڵچنینی سەرچاوە لەسەریەك، کە دەبێتە هۆی شاردنەوەی ناوو زانیاری سەر بەرگی سەرچاوەکە لەکاتی گەڕاندا بە تایبەتی گۆڤارو ڕۆژنامە.

٦-تێکەڵبوونی سەرچاوەکان: هەندێك کات بەتایبەتی لەکاتی گەڕانەوەیاندا لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەبن چونکە وەك پێویست ناخرێنەوە جێگای پێشووی خۆیان.

٧-نەبوونی (کەشاف): واتە پێرستێك بۆ کتێبەکان تا لە زووترین کاتدا سەرچاوەکان بدۆزرێنەوە.

٨- نەبوونی پەڕاوی تایبەت: بۆ یاداشت کردنی کات‌و ساتی وەرگرتن‌و هێنانەوەی ئەو کتێب‌و سەرچاوەو بابەتانەی کەلەلایەن خوازیارانەوە وەردەگیرێت‌و دەبرێتە دەرەوە.

٩-قوازتنەوەی متمانە : هەندێك جار روو دەدات لەسەرمتمانە کتێب وگۆڤار یان سەرچاوەیەك دەخوازرێت، بەڵام خوازیار یان داواکاری کتێب کتێبەکە ناهێنێتەوە بە هەر هۆیەك بێت .

١٠-فەوتاندنی سەرچاوە دەگمەنەکان: بەئەنقەست یان بەڕێکەوت یان نەهێنانەوەی لەبەر دەگمەنی سەرچاوەکە.

١١-نەبونی کەرەستەی تەواو : نەبوونی ئەم پێداویستی یانە لە ناو کتێبخانەی تایبەتدا وەك (رووناکی ، ڕاخەر، کورسی، مێزی خوێندنەوەو ...هتد) .

١٢-دزینی هەندێ سەرچاوەی نایاب لەلایەن هاموشۆکەرانی کتێبخانەی تایبەتییەوە بە سوود وەرگرتنی خراپ لە ناوی ( توێژینەوە) یان بردنی بەبێ ئاگای خاوەنەکەی، کە ئەم حاڵەتانە زۆر کەم روودەدەن بەڵام رەفتارێکی زیان بەخشە بە خوازیارانی تر.

١٣-ناوەخت خواستن : نەگونجاندنی کاتی سەردانی هاموشۆکەران بۆ کتێبخانەی تایبەت لەکاتی دیاری کراوداو نەبوونی کاتێکی دیاری کراو بۆهاموشۆکەران کە باشتر وایە پێش وەخت مۆڵەت بخوازرێت بە تەلەفون یان وەڵام ناردن، ئەوسا سەردان ڕێك بخرێت.

١٤-نەبونی هیچ دەزگایەك یان ڕێکخراوێکی تایبەت لەلایەن دەوڵەتەوە کە هەستێ بەدەسگیرۆیی کردن‌و هاوکاری کردنی خاوەن کتێبخانەکان وەك جزوبەندکردنەوەی کتێبەکان. یان بەخشینی کتێبی نوێ‌و ئەوانەی کەنرخیان گرانەو خاوەنی ئەم کتێبخانانە کەسانی پسپۆڕو نوسەرو شاعیرو توێژەرەوەن، بەڵام ناتوانن بیکڕن.

## بابەتەکانی ناو کتێبخانەی تایبەت

ئەو بابەتانەی لەناو ئەم کتێبخانانەدا دەبینرێن زۆربەی زۆریان لەگەڵ خواستی خاوەنەکەیدا یەکانگیرە (بەخواستی خاوەنەکەی) هاتۆتە کتێبخانەوە، ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە بابەتی کتێبخانەکەیە واتە هەرکتێبخانەو تایبەتمەندی خۆی هەیە لە بوارێك لە بوارەکاندا بۆنمونە:

خاوەن کتێبخانە شاعیرە دەبینیت زۆربەی زۆری شیعری شاعیرانی خۆماڵی‌و بیانی‌و میللەتانی ترو ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەرشیعر، هەڵبەست‌و شاعیرەکان نووسیوە بوونی بەرهەمەکانیان لێرەدا بەئاشکرا دیارە هەر ئەمانیش نرخی کتێب بەباشی دەزانن چونکە شیعرو هەڵبەست ئاوێنەی ڕوانین‌و هەست‌و سۆزی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا لەدایك بووە هەربۆیە بایەخێکی مێژووی خۆی هەیە.

زۆربەی زۆری ئەم کتێبخانانە بەپارەی خەرجی ڕۆژانەو دەخیلە کڕاون بەشێوەیەکی ترلە پارەی قووتی ڕۆژانەی خێزان گیراوەتەوەو دراوە بە کتێب‌و خۆبرسی کراوە لە پێناو بەدەست هێنانی سەرچاوەدا، پێم وایە کتێب هی ئەو کەسەیە کە دەیخوێنێتەوە چونکە لەم کاتەدا بەدەست ئەوەوەیە واتە مافی خۆیەتی لە خوێندنەوەدا بە ناو کتێبەکاندا بگەڕێت.

لەنێو سەرچاوەکاندا تیایدا دیاری نوسەرێك یان کەسێکی ناسراوە یان کەسایەتییەکی دەرکەوتوە زۆرلای پیرۆزە چونکە ئیمزاو نووسراوی ئەو کەسەی لەسەرە.

زۆرلەکتێبەکان چاپی یەکەمەیان جزوبەندێکی ( تجلید) نایابە یان وێنەکانیان یان بەرگەکانیان ڕەنگاوڕەنگە یان زێڕکەف کراوە بە ئاڵتون یان بەرگەکانیان لە پێستی ئاژەڵی ناسراو سازکراو یان بەرگی نقێمدارە بە بەردە پیرۆزەکان یان بەئاوریشم ڕوپۆشی دەرەوەی کراوە یان بە نەخش‌و زەخرەفەی زۆر نایاب ڕازێنراوەتەوە، ئەمانە هەمووی جێ‌ی بایەخی خاوەن کتێبخانەو خوێنەرانن.

## خاوەن کتێبخانەکان چی دەڵێن..؟

زۆر لەخاوەن کتێبخانەکان دەڵێن حەزدەکەم جلی جوان لەبەرنەکەم بەڵام حەز دەکەم کتێبی تازەم هەبێت بۆخوێندنەوە واتە هێندە تاسوقی خوێندنەوەم وەك چۆن هەموو شتەکانی خۆمم لاجوانەو پیرۆزەو بەڕێزە سەرجەم سەرچاوەکانیشم لەلابەرزو بەنرخە بۆیە حەزدەکەم نەفەوتێت. زۆرجار لەقوتی ماڵ‌و مناڵم گرتووەتەوە داومە بە کتێب. وەك چۆن خۆراك سەرچاوەی بەردەوام بوونی ژیانە خوێندنەوەش خۆراکی فکرو هزرە بۆ هەمیشە پێویستمان بەو خۆراکەیە.

سەرچاوەکانی ناو ئەم کتێبخانانە مۆرکێکی مێژووی پێوەدیارە چونکە لەسەردەمی منداڵی خاوەنەکەیەوە سەرچاوەی تێدایە بگرە پێشتریش زۆرسەرچاوەی دەگمەن‌و چاپی نایاب‌و بەڵگەنامەی ڕەسەن لەم کتێبخانانەدا بەردەست دەکەوێت کە وێنەیان زۆر دەگمەنەوە دەتوانین پشتی پێ ببەستین لەتوێژینەوەکانماندا. ئێستا لەزۆر کتێبخانەی گشتیدا چەند شوێنێك دەستنیشان کراوە بۆ ئەو کتێبخانە تایبەتیانەی کەبەوویستی خاوەنەکانیان پێشکەش بەکتێبخانە کراوە. یان پێشتر خاوەنەکانیان وەسیەتیان کردوە دوای مردنیان سەرجەم سەرچاوەکان پێشکەش بکرێ بەکتێبخانەی گشتی شار. وەك دەبینین لەکتێبخانەی گشتیی سلێمانیدا لەهۆڵی (گۆران) چەند کتێبخانەیەکی تایبەت پێشکەش کراوە بەکتێبخانەکەو هەریەکەیان لەچەند شێڵفێکدا دانراوەو بەناوی خاوەنەکەیەوە نووسراوە کتێبحانەی فلان کەس. ئەوسەرچاوانەی کەلەم کتێبخانەیەدا دانراون تەنها کتێبەو بەس واتە هیچ سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری‌و زانستی تری تێدا دانەنراوە. کەئەمەش خۆی لەخۆیدا سیفاتەکانی کتێبخانەی تایبەت وون دەکات کتێبخانەی (فلان کەس) کە هەموو سەرچاوەکانی کتێبخانەی تایبەتمەندیەکەی تێدا بێت‌و هەر کتێبخانەو تۆماری جیای بۆکرابێ بۆسەرجەم سەرچاوەکانی ناوی هەر لە (کتێب، گۆڤارو ڕۆژنامە، دەسنووس، پۆستەرو وێنە، بڵاوکراوە، نەخشە، شریت، کاسێت)و هەموو ئەمانە دەبێت لەجێگایەکدابن‌و مەرج ئەوەیە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد هەموو ژیانی خاوەن کتێبخانەی تێدا بێت ئەمەجگەلە( C.V ) خاوەن کتێبخانەکە.

هەروەها کەشافێك بەناوی سەرجەم بابەتەکانەوە دەبێت هەموو سەرچاوەکان مۆری تاکەکەسی(خاوەن کتێبخانەکە)ی پێوەبێت ئەمجا مۆری کتێبخانەی گشتیی کەچی بەپێچەوانەوە لە کتێبخانەی گشتیی هەرچ کەس کتێبخانەکەی پیشکەش بکات بەکتێبخانەی گشتیی دەبێت لە(500)سەرچاوە کەمترنەبێت ئەمەش زۆر هەڵەیە چونکە خەڵك هەیەباری دارای زۆر تۆکمەیە دەتوانێت(1000) سەرچاوەبکڕێت وپێشکەش بەکتێبخانەی گشتیی بکات جێگایەك بۆخۆی مسۆگەربکات لەناوڕۆشنبیراندا کەڕەنگە ئەم زۆرڕۆشنبیریش نەبێت بەڵکولەپێناو پەیداکردنی ناودا ئەم کارە ئەنجام بدات.

بۆیە پێویستەوجەخت دەکەمەوە دەبێت ئەوەی کە کتێبخانەی تایبەت پێشکەش دەکات‌و دەیەوێت جێگای دیاری هەبێت ئەو مەرجانەی سەرەوەی تێدابێت ئەمجا قبوڵ بکرێت ئەگەر نا ئەوا سەرجەم سەرچاوەکان بەپێی پسپۆڕیان دابەش دەکرێت بەسەر بابەتەکانی ناوکتێبخانەداو دەنوسرێ دیاری(فلان کەس) بۆ کتێبخانەو ناچێتە بواری کتێبخانەی تایبەتییەوە. لەنێوکتێبخانەی گشتیدا زۆربەی جار سەرچاوە بەدەستهاتووەکانی لەیەك دەچن هەر بۆیە پەنادەبرێتە بەر دیاری کردنیان بۆ کتێبخانەی شوێنەکانی تر.



## سەرنج و پێشنیاز

١- وەك دەبینین ئەم کتێبخانانە بەدەست کەم جێگەییەوە دەناڵێنن ئەرکی حکومەت‌و وەزارەتی پەیوەندیدارە هەستێت بەدابین کردنی شوێنێك بەویستی خاوەنەکەی بۆ پاراستنی سەرچاوەکان.

٢- دانانی چەند کەسێك کەکاری پێرست‌و پۆلێن بکات بۆسەرچاوەکان تا بەئاسانی بتوانن بەکاری بهێنن بیخەنەوە جێگای پێشووی خۆیان.

٣- تۆمارکردنی سەرجەم سەرچاوەکان‌و بەپێی تایبەتمەندیان.

٤- وێنەگرتنەوەی سەرجەم بەڵگەنامەو کتێبە دەگمەنەکان ئەوانەی کەماندوبوون لەبەکارهێناندا. لەگەڵ سەرجەم گۆڤارو ڕۆژنامەکان بەتایبەتی ژمارە (سفر) ودوای.

٥- ساغکردنەوەی سەرجەم ئەودەستنووس‌و خامانەی کەئامادە کرابوون بۆچاپ‌و چاپ نەکراون بڵاوبکرێتەوە.

٦- بڵاوکردنەوەی سەرلەنوێ لەچاپ دانەوەی ئەوکتێبانەی کەزۆر پێویستە بۆ کتێبخانەی کوردی‌و وێنەی نیە.

٧- هەڵگرتن‌و پاراستنی سەرجەم ئەو بەڵگەنامانەو بەیاننامانەی کەکاتی خۆی بڵاوکراوەتەوە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە.

٨- وەرگرتنی ئەو کتێبخانانەی کەخاوەنەکانیان بەویستی خۆیان دەی بەخشن یان لەدوای مەرگی خۆیان لەجێگایەکی وەك سەنتەری کتێبخانە تایبەتەکان وەك بەرهەمی نیشتیمانی سەیربکرێت بەسەرجەم کەرەستەو شمەکەکانی ناویەوە بێ دەسکاری کردن، دەبێت ناسنامەیەك بۆئەم جۆرە کتێبخانانە دروست بکرێت‌و لەڕوی دەرونییەوە خوێندنەوەی بۆبکرێت‌و(C.V)ی خاوەنەکەی ئاشکرا بنووسرێ تاوەکو توێژەران بۆ باسەکانیان سوودی لێ ببینن.

## دوا پەیڤ..

داواکارم لەحکومەتی هەرێم هەرچی زووە بیر لە کردنەوەی کۆمەڵگایەکی کتێبخانە بکاتەوە بۆ سەرجەم کتێبخانە تایبەتیەکان کە بەدەست بێ جێگەیی‌و بێ خزمەتکردنەوە دەناڵێنن.

ئەم کۆمەڵگایە رۆڵی پاراستن‌و بەیەکەوە بەستنی سەرجەم کتێبخانە تایبەتییەکانی شارێك، یان چەند شارێك پێکەوە دەگێڕێت‌و دەبێت هەر کتێبخانەیەو بەپێی گرنگی خۆی جێگەو کادری پسپۆڕی بۆ دابین بکرێت.

خاوەنی کتێبخانە خۆی بڕیار بەدەستە لەشێوازی سوود وەرگرتن لەلایەن توێژەران‌و خوێنەرانیەوە، بەڵام کاری ڕێکخستن‌و تۆمارو پێڕست‌و پۆلێن کردن بەسیستەمی پۆلێنی دیوی ئەرکی سەرشانی دەزگاکانی حکومەتە، بەهیوای وەڵامی درووستم.

# بنەماکانی سیستمی پۆلێنی دیوی دەیی

و. بەختیار قادر

**یەکەم/ هەموارکردن و نوێکردنەوەی بەردەوام:**

سیستمی دیوی بۆ پۆلێنی دەیی ساڵی ١٨٧٦ داهێنراوە، بەڵام بەشێوەیەکی بەردەوام بژارکردنی تێدا کراوە، تاوەکو بەرامبەر بەپێداویستییە گەشەکردوەکان وەك وەڵامێك وابێت و زانیاریی ببەخشێتە کتێبخانە کۆنەکان و ناوەندە ئەلیکترۆنییەکانیش.

بەرهەمی ئەوانەش لە دووچاپی تەواو کورتکراوەدا بڵاوکراونەتەوەو چاپی بیست و یەکەمی یەکیان تەقلیدیی و ئەوی دیکەیان ئەلیکترۆنییە لە کتێبخانەکانی نیشتمانی عەرەبیدا، پۆلێنی دیوی بایەخی زۆری پێدراوە، کۆششی خۆیان خستوەتە گەڕ بۆ وەرگێڕانی چاپێکی ئەسڵیی ئینگلیزییەکە بۆ زمانی عەرەبی، هاوکات هەوڵیانداوە دەستکاریی و هەموارکردن (راستکردنەوە) لەو خشتانەدا بکەن کە لەکتێبخانەی عەرەبیدا گرنگی خۆیان هەیە. ئەوەبوو (دار الكتب المصرية) یەکەمین دەستپێشخەریی لەساڵی ١٩٢٩دا کرد.

هەموارکردن لەو سیستمەدا هەر بەردەوام بوو، بەڵام بەشێوەی هەوڵی تاکە کەسی بوونی و دیارترینیان هەوڵی هەردوو دکتۆر محمود الشنیطیی و احمد کابش بوو بەناوی (کورتەیەکی پۆلێنی دەیی، خشتەکان، کە بناغەکەی لەلایەن ملفیل دیوی دارێژراوە) و ساڵی ١٩٧٧ لەقاهیرە لەچاپدراوە.

هەرچۆن فوئاد ئیسماعیل کۆششێکی باشی کردوە بۆ هەموارکردنەوەی پێویست لە سیستمی دیویدا، ئەویش لەکتێبەکەیدا (کورتەیەکی پۆلێنی دەیی: نەخشەکان/ ملفیل دیوی، وەرگێڕانی بەهەموارکردن و کورتکردنەوەوە فوئاد ئیسماعیل فەهمی، چ/١٨، الرياض، ١٩٧٩).

رەنگە وەرگێڕان و هەموارکردنەوەکەی رێکخراوی عەرەبیی پەروەردەو رۆشنبیریی و زانست بۆ پۆلێنی دیوی دەیی، باشترین وەرگێڕان بێت، چونکە بەهەوڵی هەروەزی و بەڕێبەرێکی شیکارییەوە خراوەتە بەردەست، هەرچۆن دامەزراوێکی هەرێمایەتی رۆشنبیریی چاودێریی کردوە، هەربۆیە بواری نوێکردنەوەی زیاترەو پێشنیازی بەکارهێنەرانی باشتر جێگای تێدا دەبێتەوە، یاخود هەر گۆڕانکارییەك بەسەر چاپە ئینگلیزییەکەدا لەداهاتوودا بێت دەتوانرێ لەمیشدا رەنگی پێبدرێتەوە.

هەموارکردنە عەرەبییەکان هەموویان بەشدارن لە هەمواری بابەتەکانی (ئایینەکان، زمانەکان، ئەدەبیات، جوگرافیاو مێژوو) و بەشێکیان لەو بوارانە زیاتر دەگرنەوەو وردە هەموارکردنێك لەبوارەکانی (کارگێڕیی گشتی، یان پەروەردەو فێرکردن)دا دەکرێت.

هەموارکردن لە (ئایین)دا یەکجار پێویست بوو، چونکە لەبنەڕەتدا پۆلێنی دیوی بە بەرفراوانی کاری لەسەر ئایینی مەسیحی کردوەو بۆ لقەکانی ژمارە (٢٢٠ تا ٢٨٠)ی پێدراوە، ئیتر هەرچی ئایینەکانی تر هەیە لەژمارەی (٢٩٩)دا یەکخرابوون، هەربۆیە ئایینی ئیسلام لەم ژمارەیەدا دانرابوو ئایینی دیکەی وەکو (ئایینی ئەڵمانی، نەژاد هندییەکان، زەردەشتی و یەهودی)ی پێشخرابوون.

هەربۆیە هەموارکردن کراو ئایینی ئیسلامی خرایە پێشەوەو بۆ سەرجەم هەموارکردنەکان لقەکانی (٢١٠–٢١٩) دانران و دەست بۆ لقەکانی دیکە نەبراو وەك خۆیان هێڵرانەوە.

ئەوەی ئایینی ئیسلامیی خستە پێش مەسیحییەوە، هەموارکردنەکەی فوئاد ئیسماعیل بوو، هەموارکردنە فراوانەکەی ئەو بەمجۆرەی لێهات:

٢٠٠ ئایینەکان
٢١٠ ئایینی ئیسلام
٢٢٠ زانستەکانی قورئان
٢٣٠ فەرموودەکانی پێغەمبەر
٢٤٠ ئوسوڵی ئایین
٢٥٠ شەریعەتی ئیسلامی (الفقة)
٢٦٠ سۆفیزم
٢٧٠ ئایینی مەسیحی
٢٨٠ گروپە مەسیحییەکان
٢٩٠ ئایینەکانی تر

ئەم هەموارکردنە بەفراوانیی پەسەندکرا، چونکە دەرفەت بۆ بەرهەمی فکری عەرەبیی لەبواری ئایینی ئیسلامدا رەخسا بەشی خۆی لە درێژەی پۆلێنندا پێببڕێت.

سەرجەم هەموارکردنەکان، بەوەی (فوئاد ئیسماعیل) یشەوە (زمان)یان گرتەوە، تیایاندا زمانی عەرەبی خرایە (٤١٠–٤١٩)وە، لەبری جێگایان لەنێو زمانەکانی تردا، دابەشکردنی ئەم زمانە چووە نێو پۆلێنی سەرجەم زمانەکانی ترەوەو بەمجۆرە:

٤٠٠ زمانەکان
٤١٠ زمانی عەرەبی
٤١١ نووسین و دەنگەکان
٤١٢ داتاشین (الاشتقاق)
٤١٣ فەرهەنگە عەرەبییەکان
٤١٤ رەوانبێژیی عەرەبی
٤١٥ رێزمانی زمانی عەرەبی
٤١٦ کێش و سەروا
٤١٧ شێوەزارە عەرەبییەکان
٤١٨ بەکارهێنانی زمانەوانی
٤١٩ مێژووی زمانی عەرەبی
٤٢٠ زمانی ئینگلیزی
٤٣٠ زمانی ئەڵمانی
٤٤٠ زمانی فەڕەنسی
٤٥٠ زمانی ئیتالی
٤٦٠ زمانی ئیسپانی
٤٧٠ زمانی لاتینی
٤٨٠ زمانی یۆنانیی کۆن
٤٩٠ زمانەکانی تر



كتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی

هەرچۆن سەرجەم هەموارکرنەکان کۆك بوون لەسەر دانانی (ئەدەبیاتی عەرەبی) لەسەرەتای ئەدەبیاتدا هەروەکو (زمان)، لە ٨١٠–٨١٩ وەك ئەدەبیاتی زمانانی تر بەمجۆرە دابەشکرا:

٨٠٠ ئەدەبیات
٨١٠ ئەدەبی عەرەبی
٨١١ شیعری عەرەبی
٨١٢ درامای عەرەبی
٨١٣ چیرۆکی عەرەبی
٨١٤ وتاری ئەدەبی
٨١٥ وتاربێژیی عەرەبی
٨١٦ نامەی عەرەبی
٨١٧ دەگمەنەکان و گاڵتەوگەپ
٨١٨ کۆمەڵەی ئەدەبیاتی عەرەبی
٨١٩ پەخشانی عەرەبی
٨٢٠ ئەدەبیاتی ئینگلیزی و ئەمریکی
٨٣٠ ئەدەبیاتی ئەڵمانی
٨٤٠ ئەدەبیاتی فەڕەنسی
٨٥٠ ئەدەبیاتی ئیتالی
٨٦٠ ئەدەبیاتی ئیسپانی
٨٧٠ ئەدەبیاتی لاتینی
٨٨٠ ئەدەبیاتی یۆنانی
٨٩٠ ئەدەبیاتی تر

بەڵام هیچ یەك لە هەموارکردنەکان شۆڕشێکیان لەبوارەکانی جوگرافیاو مێژوودا بەرپانەکردوە، ئەوەتا (فوئاد ئیسماعیل) مێژووی ئیسلام و عەرەبی دورگەی عەرەبیی لە ٩٥٣ دا داناوە، بەڵام ولاتی شام و عێراق و باکووری ئەفریقای نوێی خستووەتە ٩٥٦ (مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) و ٩٦١–٩٦٦ (باکووری ئەفریقا)، ئەویش لەژێر کاریگەریی هەموارکردنەکەی (د.محمود الشنيطى)دا.

بەڵام هەموارکردنەکەی رێکخراوی عەرەبیی بۆ پەروەردەو رۆشنبیریی و زانست هەموو مێژووی ئیسلام و عەرەبی کۆن و نوێی لە ٩٥٦ دا (بۆ وڵاتانی عەرەبیی ئاسیا) و ٩٦١-٩٦٦ی بۆ (وڵاتانی عەرەبیی ئەفریقا).

هەربەو شێوەیە زۆربەی گرفتی پۆلێنی بەرهەمی فکریی عەرەبیی و ئیسلامیی چارەسەرکراوە، بەڵام هێشتا مەسەلە گەورەکە تەواو نەبووە، ئەویش دانانی پۆلێنێکی سەرانسەرییە کەچی هەموارکردن هەیە، بگرێتە خۆی.

**دووەم/ چۆنێتی دیاریکردنی ژمارەی پۆلێنی کتێب:**

کەسێك کە پۆلێنی کتێب دەکات کاتی ئەوەی نییە چی کتێب لە کتێبخانەدا هەیە بیانخوێنێتەوە، هەندێك جار ناونیشانی کتێب دیارەو پۆلێنکار دەتوانێت راستەوخۆ ژمارەی پۆلێنی کتێبەکە دیاری بکات، بەڵام جاری تر هەیە بەتەنیا ناونیشان بەس نییە بۆ پۆلێنی کتێب، چونکە نووسەری وا هەیە ناونیشانی سەرنجڕاکێشی ئەوتۆ دەنووسێت کە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە ناوەرۆکی کتێبەکەیەوە. هەربۆیە پێویستە پەنا بەرێتە بەر یەکێك لەو رێگایانەی بەهۆیانەوە دەگاتە ئامانجی خۆی، کەگرنگترینییان بریتیین لە:

١–ناونیشانی کتێب: زۆرجار بابەتی کتێب دەخاتە روو، بەڵام ناونیشانی وایش هەیە کەسەر لە خودی پۆلێنکارو خوێنەریش تێکدەدات، هەربۆیە پێویستە پۆلێنکار بەتەنیا تەماشای ناونیشانی کتێب نەکات، بەڵکو بڕوانێتە ناوەڕۆکەکەشی هەرچۆن دەبێ پۆلێنکار ئاگای لە ناونیشانە سەرنجڕاکێشەکان بێت، ئەوانەی لەیەکچوواندن و وشەی خوازراویان تێدایە.

٢–ئیندێکسی کتێب (لیستی ناوەرۆك):

گەر لەرێی ناونیشانەوە نەتوانرا بابەتی کتێبەکە بناسرێت، ئەوا دەبێ کەسی پۆلێنکار بەوردی ئیندێکسی کتێبەکە بخوێنێتەوەو سەرنجی بەشەکانی بدات، زۆربەی جار ئیندێکس رێنیشاندەر دەبێت بۆ ناوەرۆك و بابەتی کتێب.

٣–ناونیشانی بەشەکان:

گەر لەکتێبدا ئیندێکس رێکنەخرابوو، ئەوا دەبێت پۆلێنکار تەماشای ناونیشانی یەك بەیەکی بەشەکان بکات تاوەکو لەبابەتی کتێبەکە تێبگات.

٤–پێشەکی:

چاکتر وایە پۆلێنکار پێشەکی کتێبەکە بخوێنێتەوە، چونکە هەمیشە نووسەر مەبەستی خۆی لەپێشەکیدا دەخاتە روو.

٥–سەرچاوەکانی کتێب:

پۆلێنکار پێویستە تەماشای لیستی سەرچاوەکانی کتێب بکات، ئەوانەی نووسەر بۆ نووسینی کتێبەکەی پشتی پێبەستوون، دیارە سەرچاوەکان لەدوا لاپەڕەکانی کتێبی چاپکراودا دادەنرێن، بەورێگایەش بەناوەرۆك و بابەتی کتێبەکە ئاشنا دەبێت.

٦–دەقی کتێب:

گەر بەهیچ یەکێك لەو رێگایانە نەتوانرا بابەتی کتێبێك دەربکەوێت، ئەوا دەبێ پۆلێنکار دەقی چەند بەشێکی کتێبەکە بخوێنێتەوە.

**سێیەم/ ئەو مەرجانەی دەبێ لەپلانی پۆلێنکردنی تەواودا هەبن:**

*بەتەواوی لەگەڵ سروشتی کتێبدا، وەك یەکەیەکی مادیی بگونجێ، لەگەڵ ناوەرۆکە فکرییەکەشیدا.

*پلانەکە بەشێوەیەکی لۆژیکی دابەشکرا بێت، لقو بەشەکانیش پێویستە بەشێوەی پلەپلەبن، واتە لەگشتییەوە بۆ تایبەتی، دوای دابەشکردنیان بەسەر بوارەکاندا (ریز، لق، بەش).

*کار لەبابەتی سەرەکیدا دەکرێت، ئینجا درێژەی بابەتەکان.

*دەبێ وردو تەواو بێت.

*دەبێ تێڕوانینی بێلایەنانە بەرامبەریان هەبێت (روانگەی هەموو کایەکانی مەعریفە) تیایاندا ببینرێتەوە.

*جێگای هەموو بەشەکانی مەعریفە تیادا ببێتەوە، بێ ئەوەی کار لەسیستمی پۆلێن بکات.

*دانانی سەرەبابەتەکان، تا هیچ گومانێك درووست نەبێت و سنووری هەر بەشە زانراو بێت، لەگەڵ لقەکانیان.

*باشدانانی ژمارەکان، بەشێوەیەك کارکردن لەسەریان سادەو ئاسان بێت و توانای لەبەرکردنیان هەبێت، پاشانیش، بتوانرێت ژمارەی دیکە زیاد بکرێت بۆ بابەتی نوێ و سەرچاوەی زۆرتر، بێ.

*ئەوەی کار لە سیستمی ژمارە دانان بکات.

*دەبێ رێبەری هیجایی بۆ بابەتەکان رێکبخرێت تا بەخێرایی جێگای هەر بابەتە لەنەخشەی پۆلێندا دیاری بکرێت، بابەتە بەکارهێنراوەکان لەوپلانەدا بەشێوەیەکی هیجایی ریزبەندیی دەکرێت، بەرامبەر هەر ژمارەیەو بەپێی نەخشەکە بابەتەکە دیاری دەکرێت.

**چوارەم/ بنەماکانی پلانی پۆلێنی دیوی دەیی:**

ئامانجی سەرەکیی لە پۆلێنکردن، پۆلێنی مەعریفە نییە بەشێوەیەکی تیۆری، بەڵکو پۆلێنی کتێبە بە پراکتیکی تاوەکو رێکبخرێن و خوێنەر بتوانێ بێ ماندووبوون و لەماوەیەکی کەمدا بیاندۆزێتەوە.

کە کتێبخانەیەك پۆلێن دەکرێت، بۆ بەباشی بەکارهێنانی سەرچاوەکانێتی، ئەویش لەبەر رۆشنایی ئەم خاڵانەدا:

١–کۆکردنەوەی کتێب لە کۆمەڵەکاندا بەپێی پەیوەندیی هەر کۆمەڵەیە، یاخود خەسڵەتی هاوبەشیان لەیەك کۆمەڵەدا.

٢–پێکەوە گرێدانی کتێبەکان بەپێی پەیوەندیی بابەتیان لەنێوان بابەتە جۆراوجۆرەکاندا.

٣–رێکخستنی کتێبەکان لەنێو رەفەی دۆڵابەکان، بەشێوەیەك بتوانرێ کتێبی نوێ بخرێتە سەریان، هاوکات لابردنی کتێبی تر کە بەپێی بابەت دووربن لێیان.

٤–دانانی هێما بۆ بەژمارەکردنی کتێبەکان، تا بەئاسانی لە جێگای خۆیاندا دابنرێنەوە، هاوکات پێداچوونەوە بەریزبەندییان و چۆنێتی دانانیان لەسەر رەفەکان، یان داگرتنیان بۆ خوێنەر.

٥–ئاگاداربوون لە زنجیرەی لۆژیکییانە بۆ ریزبەندییان لەگشتییەوە بۆ تایبەتی، واتە لەلقەوە بۆ بەش و بەشی بچووکتر.

٦–بەستنەوەی رەفەی کتێبەکان بەکارتی پێڕستەوە، بەشێوەیەك رێنیشاندەر بێ بۆ جێگای کتێبەکان.

ئەمانە بەپلەی یەکەم رۆڵیان دەبێ بۆ ریزبەندیی کۆمەڵەکانی کتێب، واتە بەپێی بەهای بابەتییان، بەڵام نابێ لایەنی فۆرم و بەهای شێوەی کتێب فەرامۆشکرابێ، چونکە ئەوە دەبێتە بوونی مادیی و بەرچاوی کتێب.

بەکارهێنانی کتێب لە کتێبخانەیەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، ئەوەتا کتێبخانەیەکی گشتی جیاوازە لەیەکێکی تایبەتمەند، یان کتێبخانەی خوێندنگایەکی سەرەتایی، هەربۆیە دەبێ رێساو بنەمای دیاریکراو لە پۆلێنی هەر جۆرە کتێبخانەیەکدا بگرێتە بەر.

سەرچاوە: فهيم مصطفى، تصنيف الكتب في المكتبات المدرسيةو المكتبات العامة، القاهرة، دار الفكرالعربى، ٢٠٠٩.

## خانەی وەرگێڕان

# ٣٠٠ کتێبی چاپکراو و پڕۆژەکانی ئاینده

**تابان و ڕۆژان**

بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان ساڵی ٢٠٠١ بەبڕیاری سەرۆکی ئەوکاتەی ئیدارەی سلێمانی حوکمەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز(د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح) دامەزراوە، ئەم خانەیە وەك لەساڵانی رابردوودا دورکەوتووە کەلێنێکی گەورەی لەبواری چاپکراوە وەرگێڕاوەکاندا پڕکردۆتەوەو لەڕێی کتێبەکانیەوە گەشەیەکی باشی بەکتێبخانەی کوردی بەخشیوە.



شۆڕش جوانڕۆیی

بەڕێز (شۆڕش جوانڕۆیی) بەڕێوەبەری خانەی وەرگێڕان لەسلێمانی وتی: "بوارەکانی رۆشنبیریو ئەدەبیاتو فیکرو فەلسەفەو زانست پێویستیان بەوەیە بکرێنە کوردی، چونکە ئەو تێکستانە دەتوانن چارەسەری لێکترازانی مەعریفیی ئێمەو جیهان بکەن، ئێمە مەبەستمانە بەرهەمەکانی سەر بەگریکی کۆنو سەردەمی رۆشنگەریو رێنیسانس، تا دەگات بەمرۆ کە تیایدا قسە لەسەر فیکری مۆدێرنەو پۆستو مۆدێرن دەکرێت، بخەینە بەرچاوی خوێنەری کورد زمان".

خانەی وەرگێڕان تاکو ئێستا ٣٠٠ کتێبی چاپ کردووە، (وەك بەڕێوەبەری خانەی وەرگێڕان وتی) بوارەکانیان بریتین لە(ئەدەبیات، فیکر، سیاسەت، زانستو..هتد).

بەڕێوەبەری خانە دەڵێت: "هەرچەندە لە حەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی رابردوودا بزاڤی وەرگێڕان هەبووە، بەڵام بەم شەپۆلە بەرفراوانەی دوای راپەڕین نەبووە، هەرچەندە خواستی ئێمە زۆر لەوە زیاترە بۆ نموونە هەرچۆن لەگەڵ د. محەمەد مەحوی قسەمان کردووە، ئێمە پێویستمان بەدامەزراندنی خانەیەکی وەرگێڕانی نەتەوەیی هەیە".

* لەچاپکردندا پشت بە چ پرەنسیبێك دەبەستن، ئایا فلتەرتان هەیە بۆ پێداچوونەوەی بابەتە وەرگێڕدراوەکان؟

-ئێمە هەرزوو لەباکگراوندی وەرگێڕان تێدەگەین، کە تەماشای بابەتی وەرگێڕێك دەکەین دەزانین چ ژانرێکی ئەدەبی یان فیکریی لەلا پەسەندە، دیارە شارەزایانی خانە رۆڵی یەکەمیان هەیە لە هەڵبژاردنی بابەتەکاندا، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە نەناسراون، یاخود لەبواری وەرگێڕاندا تازە کار دەکەن، ئیتر لەهەر زمانێکەوە وەرگێڕان بکەن شارەزایانی ئێمە بڕیار لەسەر چاپکردنی دەدەن.

* لەڕووی داراییەوە پاداشتی وەرگێڕەکان چۆنە؟

– هەر لاپەڕەیەك پێنج هەزاری بۆ ئەژمار دەکرێت، ئەگەر لەزمانی یەکەمیشەوەبێت، بۆ نمونە گەر بەرهەمی شکسپیر لەئینگلیزییەوە بکرێتە کوردی ئەوا بڕی(١٠٪) لەسەدا دەی دەچێتە سەر پاداشتەکەی.

* کامیان لای ئێوە گرنگترە، ناوەڕۆك، یان زمانی ئەصڵی بابەتەکە، یاخود ناونیشانی کتێبەکە؟

– بێگومان ناوەڕۆکی کتێب لە هەموو شت گرنگترە.

* کۆمەکی وەزارەت چۆنە بۆ چاپکردنی کتێبەکانتان؟

– زۆر باشەو زیاد لەبەرنامەی خۆمانی پێڕایی دەکرێت.

* هاوکاریتان لەگەل کتێبخانە گشتییەکاندا چۆنە؟

– ئێمە هاوکارییەکی زۆرباشمان کردوونو چاپکراوەکانی خۆمانمان بەسەردا دابەش کردوون، هەر سلێمانی نا بەڵکو کتێبخانە گشتییەکانی شارو شارۆچکەکانی تریش، تەنانەت کتێبمان بەدیاری داوەتە کتێبخانەی خوێندنگاکانیش لەگەل کۆمەکی خوێندکارانی زانکۆش.

* هەڵسەنگاندنتان بۆ چاپکراوی تری وەرگێڕاو چۆنە؟

– بەداخەوە هەندێك لەدەزگاکانی تر وردبینانەو بەوریاییەوە ئەم کارە ناکەن بۆ نموونە برادەرێك هات وتی کتێبی( ) وەردەگێڕم، پێم گوت کارێکی قورسە، وتی من دەتوانم، وتمان بڕۆ کاری تیابکە، کاتێك هات دووسەد لاپەڕەیەکی لێ پیشان داین فلتەری شارەزایان رەتیان کردەوە، کەچی دوایی چاپی کردو بە(سی هەزار) دینار دەفرۆشرێت! هەرخۆشیی دەیگووت نازانم من خۆم لێی تێناگەم چۆن خەڵکی لێی تێدەگەن!!.







ژمارەیەك لەچاپکراوەکانی خانەی وەرگێڕان

## کتێبخانەی گشتیی خورماڵ

# خزمەتگوزاریی بەردەوام.. هاوکات کێشەی جۆراوجۆر !

**ئا. مقداد دەرەمەڕی فۆتۆ. شاریان خورماڵی**

ساڵی ٢٠٠٩، کتێبخانەی گشتیی خورماڵ کەسەر بە بەڕێوەبەرێتی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی یە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانەوە کرایەوەو لەساڵی رابردوودا خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەش بە خوێنەرو خوێندکارانی ناوچەکە کردوە.

ئەم کتێبخانەیە، خاوەنی زیاتر لەچوار هەزار سەرچاوەیەو بەهۆی خزمەتگوزاریی رۆژانەیەوە بووەتە مایەی هامشۆکردنی کچانو کوڕانی ناوچەکە بۆی.

وێڕای جەختکردنەوە لەسەر سوودی کتێبخانەکە، بەڵام ژمارەیەك لە خوێندکارانی ناوچەکە بەرامبەر بە کەمیی هەندێ لەسەرچاوەکان تیایداو کەموکورتیەکانی دیکە گلەییان هەیەو دەخوازن ئایندەی نزیك کتێبخانەکەیان ببێتە ئەو دامەزراوە گرنگەی، بەشێوەیەکی بەردەوام سوودی لێ وەربگرنو لەهیچ روویەکەوە بەدەست کێشەکانیەوە دانەمێنن.

ئیسماعیل حەمە ئەمین، کەخوێندکاری قۆناغی ئامادەییەو بەردەوام سەردانی کتێبخانەی خورماڵ دەکات پێی وایە "گرنگترین سەرچاوە بۆ مەعریفەو زانیارییەکان لەناوچەکەماندا ئەم کتێبخانەیەیە، هەربۆیە لەرۆژی کردنەوەیەوە تائەمڕۆ چالاکیو جموجۆڵی دیاری بەخۆیوە دیوە، بەتایبەت لەرووی دەستکەوتنی کتێبەوە، کەلەوەوبەر لەم ناوچەیەدا کەم بوون".

بەیان کەریم، کەخوێندکارێکی دیکەی هەمان قۆناغە، وتی "بەهۆی نەبوونی بابەتی تایبەت بەبوارەکانی کۆمەڵایەتی، کەمتر سەردانی کتێبخانەکە دەکەم، چونکە زۆربەی سەرچاوەکان ئەدەبیو سیاسینو ئێمەش پێویستمان بەبابەتەکانی تر هەیە، بەتایبەت بابەتی کۆمەڵایەتیو تەندروستی کە بۆ ئێمەی گەنج خوێندنەوەیان زۆر پێویستە".

ڕۆژنامەنووس (ریاض مەحمود کاکە) خۆشحاڵە بەبوونی کتێبخانەیەکی گەورە لەخورماڵدا، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەلاوانی ناوچەکە سەردانی دەکەنو سوودی لێ دەبینن، ئەو وتی "تەنانەت کەسانی ناوچەکانی دەوروبەری خورماڵیش سەردانی دەکەن".

بەڵام (ریاض) ئەوەشی باسکرد کە "کتێبخانەکە پێویستی زۆری بەکارمەندی پسپۆڕو بەرنامەی هونەریی تۆکمەتر هەیە، تا لەپشووی هاویندا خوێندکاران سوودی زیاتری لێ ببینن".

هەر ئەو ڕۆژنامەنووسە بەڕێزە وتیشی "سەیرم لێ دێت، زۆرجار لێپرسراوو کارمەندانی کتێبخانەکە سەرقاڵی خاوێن کردنەوەن، ئەویش لەبەر نەبوونی کارگوزارە!".

جێی سەرنجە، تائەم ساتە روخساری دەرەوەی کتێبخانەکەو ئاوو ئاوەڕۆکەی کێشەی چارەسەر نەکراویان ماوە..

کاك کامەران ئەحمەد-ی لێپرسراوی کتێبخانەکە خۆشحاڵی خۆیو هاوکارەکانی دەربڕی بەرامبەر زیادبوونی ژمارەی خوێنەر لەناوچەکەیانداو بوونی کتێبخانەکەشی بەفاکتەری سەرەکیی زانی لەو دیاردەیەدا.

بەڵام کەمیی سەرچاوەی گرنگی بەگرفتی بەردەوامیان زانی لەوەڵامدانەوەی خواستی خوێنەراندا.

هاوکات جەختی لەو کۆمەکە مانگانەیە کرد کە لەوەزارەتو کتێبخانەی گشتیی سلێمانی یەوە لەرووی چاپەمەنی ییەوە بەرامبەریان ئەنجام دەدرێت.

بەڵام ئەوەشی نەشاردەوە کە لەرووی ئامێرو کەرەستەوە کەموکوڕییان زۆرە. مامۆستا کاروان رەشید وتی "بەداخەوە کۆمپانیای جێبەجێکار بەناکامڵی پڕۆژەکەیان تەواوکردوەو رووکارو دیمەنی دەرەوەی بیناکە زۆر لەکۆن دەچێ، هەق وایە چاککردنەوەی بۆ بکرێت. هەرچۆن باسی لەوەشکرد کە نەبوونی ئامێری فێنك کەرەوە وایکردوە لەم گەرمایەدا خوێنەر نەتوانێ لەهۆڵەکاندا سوود وەربگرێت، مامۆستا کاروان رووی دەمی کردە وەزارەتو بەڕێوەبەرێتی ناحیە کەچارەسەری بەپەلەی ئەم گرفتە گەورەیەیان بۆ بکەن.

کامەران ئەحمەدی لێپرسراوی کتێبخانە ئەوەشی پێشنیاز کرد کەپێویستە هۆڵێکی ئینتەرنێت دابمەزرێنرێ چونکە خوێنەرو خوێندکارانی شارۆچکەکە پێویستی زۆریان پێیەتی.



پێشانگایەکی کتێب لەکتێبخانەی خورماڵ

میهرا مەعسوم (چالاکوانی بواری کاری رێکخراوەیی) داوای لەحکومەت کرد زیاتر بایەخ بداتە کتێبخانەی شارۆچکەکان، تا کوڕوکاڵی ناوچەکان لەبێکاری دووربکەونەوەو سوود لەم دامەزراوە رۆشنبیریو پەروەردەییە بەباشترین شێوە ببینن، بەتایبەت، کتێبخانەکان باشترین جێگان بۆ خۆپەروەردەکردنی کچانی کورد کە تا ئەم ساتە وەك پێویست جێگاورێگای شایان بەرەگەزی خۆیان لەکوردستاندا دابین نەکراوە.

کتێبخانەکە، بەشی سەرەوە (نهۆمی دووەمی) دراوەتە خانەی منداڵانی خورماڵو بەوەش توانراوە خزمەت بەجگەرگۆشەکان پێشکەش بکرێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، بێجگە لەسەرچاوەی نوێ بەزمانە جیاوازەکان، کتێبخانەکە پێویستی بەدامەزراندنی کارمەندان هەیە لەدەرچووانی بەشی کتێبخانەکان، لەگەڵ کارگوزارو باخەوان، تابتوانن رۆژانە خزمەتی خۆیان پێشکەش بەهامشۆکەران بکەن، خزمەتێك بەدوێنیو ئەمڕۆو داهاتووی خورماڵو ناوچەکە بکەن.



کتێبخانەی گشتیی خورماڵ

# کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان لەنێوان دوێنێ‌و ئەمڕۆدا

**یاسین قادر بەرزنجی**

**وەزارەتی مەعاریفی عیراقی، لەسەرەتای سالآنی چلی سەدەی رابردوودا، بایەخی داوەتە کردنەوەی کتێبخانەی گشتیی لەشارەکانی کوردستاندا.**
**لەسالّی ١٩٤٣ بۆیەکەمجار لە (هەولێر) کتێبخانەی گشتیی کراوەتەوە، خوالێخۆشبوو سەلیم موختار یەکەمین ئەمینداری بووەو لەماوەی دوورودرێژی خزمەتیدا توانیویەتی رۆڵێکی گرنگ ببینێت لە بلاّوکردنەوەی رۆشنبیری‌و پەروەردەی کوروکاڵی کورددا.**
**هەروەها رۆژی ١٣/١٠/١٩٤٤، دوای پێشنیازو کۆششی رۆژنامەنووس‌و شاعیری مەزن( پیرەمێرد)، لەشاری سلێمانی بەردی بناغەی یەکەمین کتێبخانەی گشتی دانراوەو دوای تەواوبوونی لەئەدیبانی کورد مامۆستایان(أ.ب هەوری‌و موحەرەم محەمەد ئەمین) لەئەمیندارە دێرینەکانی بوون.**
**هەرچۆن سالّی ١٩٦٤ دەرگای یەکەمین کتێبخانەی گشتیی لەشاری دهۆك کراوەتەوەو بووەتە مەڵبەندێك بۆ روناکبیرو قوتابیانی دەلالی ناوچەکە.**


**کتێبخانەی گشتیی بەدرخانیان (دهۆك)**


**کتێبخانەی گشتیی سلێمانی**

کتێبخانە گشتییەکان لەحەفتاکان‌و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا خراونەتە سەر وەزارەتەکانی ناوخۆو حوکمی خۆجێیەتی، بەلاّم دوای راپەڕین‌و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهەوڵ‌و کۆششی دڵسۆزان کتێبخانە گشتییەکان خرانە سەر وەزارەتی رۆشنبیری‌و بەدامەزراندنی (بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان) یش زیاتر بایەخ بەکاراکردنی رۆڵی کتێبخانە دراوەو چەندین کتێبخانەی نوێیش لەشارو شارۆچکەکانی کوردستاندا کراونەتەوە.

*لە دهۆك لە٢٢ی نیسانی ١٩٩٨و لەیادی سەد ساڵەی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کوردستان)دا لەلایەن خانم سینەم بەدرخان بەردی بناغەی (کتێبخانەی بەدرخانیان) لە شارەکەدا دانراو دوای تەواوبوونی لە ٩/١١/١٩٩٩دا لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم کرایەوەو لەو رۆژەوە تادەگات بەمڕۆ کتێبخانەکە بەبەشە جیاجیاکانییەوە لەخزمەتی کچان‌و کوڕانی هامشۆکەریدایە.

*لە سلێمانی، بەسەرپەرشتی راستەوخۆی بەڕێز د.بەرهەم ئەحمەد سالّح سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەسالآنی ٢٠٠٢–٢٠٠٤دا پرۆژەی فراوانکردن‌و نۆژەنکردنەوەی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی ئەنجامدراوە هاوکات بەئامێرو کەلوپەل‌و کەرەستەی پێویست پۆشتە کراوەتەوەو پڕ لەسەرچاوەی سوودبەخشیش کراوە.

*هەروەها لەسەر رووبەری ٣٧٥٠٠مەتر دووجاو لەنێو باخچەی بەدیمەنی سامی عەبدولڕەحمان لەهەولێری پایتەخت، لەلایەن تیپی زەیتوونی سەربەکۆریای باشوور کتێبخانەیەکی گەورەو مۆدێرن دروستکراو رۆژی ٢٢/١٠/٢٠٠٨کرایەوە، لەکتێبخانەکەدا کەهۆڵ‌و بەشەجیاجیاکانی بەناوی ئەدیب‌و روناکبیرانی شارەکەوە ناونراوە، ئەرشیفی دەوڵەمەندی چاپکراوەکانی ئەو کتێبخانە دێرینە پارێزراوەو لەگەڵ کتێبخانە گشتییەکانی دیکەی شارەکانی کوردستاندا، ئەم کتێبخانەیە کاری بەردەوام دەکات بۆ فراوانکردنی خزمەتگوزارییەکانی..

## کتێبخانەی شارۆچکەکان

***بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانەی گشتیی هەولێر:**

لەشاروشارۆچکەکانی سەر بەو پارێزگایەدا ژمارەیەك کتێبخانەی گشتیی هەیە کە بریتیین لە:

١ـ کتێبخانەی گشتیی عەنکاوە
٢ـ کتێبخانەی گشتیی خەبات
٣ـ کتێبخانەی گشتیی دیبەگە
٤ـ کتێبخانەی گشتیی مەسیف سەلاحەدین
٥ـ کتێبخانەی گشتیی شەقلاّوە
٦ـ کتێبخانەی گشتیی رەواندز
٧ـ کتێبخانەی گشتیی بلێ
٨ـ کتێبخانەی گشتیی هەریر
٩ـ کتێبخانەی گشتیی هیران
١٠ـ کتێبخانەی گشتیی مەخمور
١١ـ کتێبخانەی گشتیی قوشتەپە

***لقەکانی بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی پێکهاتووە لە:**

١ـ کتێبخانەی گشتیی هەڵەبجەی شەهید
٢ـ کتێبخانەی گشتیی دوکان
٣ـ کتێبخانەی گشتیی سەیدسادق
٤ـ کتێبخانەی گشتیی تەوێڵە
٥ـ کتێبخانەی گشتیی پێنجوێن
٦ـ کتێبخانەی گشتیی شارەزوور
٧ـ کتێبخانەی گشتیی چوارتا
٨ـ کتێبخانەی گشتیی ماوەت
٩ـ کتێبخانەی گشتیی بەرزنجە
١٠ـ کتێبخانەی گشتیی قەرەداغ
١١ـ کتێبخانەی گشتیی پیرەمەگرون
١٢ـ کتێبخانەی گشتیی بەکرەجۆ
١٣ـ کتێبخانەی گشتیی بازیان
١٤ـ کتێبخانەی گشتیی سەرگەڵو
١٥ـ کتێبخانەی گشتیی عەربەت
١٦ـ کتێبخانەی گشتیی خورماڵ
١٧ـ کتێبخانەی گشتیی خدران
١٨ـ کتێبخانەی گشتیی بیارە
١٩ـ کتێبخانەی گشتیی دەربەندیخان

***کتێبخانە گشتییەکانی سەر بەبەڕێوەبەرێتیی کتێبخانەی گشتیی لەدهۆك (کتێبخانەی بەدرخانیان) بریتیین لە هەرسێ کتێبخانەی:**

١ـ کتێبخانەی گشتیی ئاکرێ
٢ـ کتێبخانەی گشتیی ئامێدی
٣ـ کتێبخانەی گشتیی زاخۆ.

دوای هەرسێ پارێزگا گەورە باسکراوەکە، لەچەند قەزایەکیشدا بەڕێوەبەرێتی کتێبخانەی گشتی کراونەتەوەو ئەوانیش خاوەنی چەندین کتێبخانەن لەشاروشارۆچکەکانیاندا، بەم شێوەیە:

*** بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانەی گشتیی کۆیە:**

١ـ کتێبخانەی گشتیی تەق تەق
٢ـ کتێبخانەی گشتیی بالیسان
٣ـ کتێبخانەی گشتیی سکتان

*** بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانەی گشتیی رانیە:**

١ـ کتێبخانەی گشتیی حاجیاوا
٢ـ کتێبخانەی گشتیی بنار
٣ـ کتێبخانەی گشتیی چوارقوڕنە
٤ـ کتێبخانەی گشتیی قەڵادزێ
٥ـ کتێبخانەی گشتیی سەنگەسەر
٦ـ کتێبخانەی گشتیی سورەدێ

*** بەڕێوەبەرێتی کتێبخانەی گشتیی چەمچەماڵ:**

١ـ کتێبخانەی گشتیی قەرەهەنجیر
٢ـ کتێبخانەی گشتیی سەنگاو
٣ـ کتێبخانەی گشتیی دوبز
٤ـ کتێبخانەی گشتیی شۆڕش

*** بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانەی گشتیی گەرمیان:**

١ـ کتێبخانەی گشتیی خانەقین
٢ـ کتێبخانەی گشتیی کەلار
٣ـ کتێبخانەی گشتیی کفری
٤ـ کتێبخانەی گشتیی رزگاری
٥ـ کتێبخانەی گشتیی سەرقەڵا
٦ـ کتێبخانەی گشتیی پێباز
٧ـ کتێبخانەی گشتیی مەیدان

## ئەوکتێبخانانەی تر کە هاوکاری دەکرێن

هەڵبەت مانگانە لەبودجەی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێم چاپەمەنی نوێ بۆ سەرجەم کتێبخانە گشتییەکان دابین دەکرێت، لەگەڵ ئەوانیشدا، چەند کتێبخانەیەکی دیکە بەردەوام کۆمەکیان دەکرێت‌و بەچاپکراوی نوێی کوردی‌و عەرەبی دەوڵەمەنددەکرێن، ئەوانیش بریتیین لە هەریەك لە:

١ـ کتێبخانەی گشتیی کەرکوك
٢ـ کتێبخانەی گشتیی داقوق
٣ـ کتێبخانەی گشتیی دوزخورماتوو
٤ـ کتێبخانەی گشتیی پردێ
٥ـ کتێبخانەی گشتیی شەرەفخانی بەدلیسی لەهەولێر.

## بەرەو گەشەکردنی زیاتری کتێبخانەکان

لەئێستادا وەزارەتی رۆشنبیری‌و لاوان‌و بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، وێڕای پلاندانان بۆ پڕ کەرەستەکردنەوەی سەرجەم کتێبخانەکان‌و پڕ سەرچاوەکردنیان، بەبابەتەکانی زانیاریی هەمەجۆر، بەراوێژو هاوکاریی بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانە گشتییەکانی پارێزگاکان، لەبەرنامەی دوو کاری یەکجار پێویستدان کەدەبنە مایەی پێشخستنی زیاتری کتێبخانەکان، ئەوانیش:

أ– دامەزراندنی دەرچووانی بەشی زانیارییەکان‌و کتێبخانە لەهەردوو پەیمانگای تەکنیکی هەولێرو سلێمانی.

ب– کردنەوەی خولی تایبەت بەزانست‌و بابەتەکانی کتێبخانە لەلایەن پسپۆران‌و شارەزایانەوە.


**کتێبخانەی گشتیی هەولێر (زەیتوون)**

# ئامانجەکانی داتابەیس و زانیاری

ئا. گوڵستان سەعید محەمەد

زانیارییەکان بەگشتیی بەیەکێ لەسەرچاوە مرۆییەکان ئەژماردەکرێ. بایەخی ئەم سەرچاوانە لەبەگەڕخستنی سەرچاوە سروشتیەکان و سەرچاوە مرۆییەکاندایە، بەبێ زانیاری ئەستەمە بزانی چۆن سوود لەسەرچاوەکانی کشتوکاڵ و سەرچاوەی کانزاکان و سەرچاوەکانی ووزە وەربگریت.

بەبێ زانیارییەکان نازانین چۆن سوود لە توانای مرۆیی وەربگرین لەپێناوی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی لەکۆمەڵدا. ئاراستەکردن و فێرکردن و راهێنان بەبێ زانیاری مەحاڵە.

بۆ سوود وەرگرتن لەسەرچاوە سروشتیەکان زانیاری دەکرێ بەدوو کۆمەڵەوە:

١–ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بەخەسڵەتی فیزیایی سەرچاوەکان، ئەم زانیاریانە لەئەنجامی لێکۆڵینەوە و رووپێوکردنی سەرچاوەکان بەپشت بەستن بەجۆرەها هۆکارەکانی رووپێوکردن و دۆزینەوە بەدەست دێن.

٢–ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بەشێوازەکانی دەست بەسەراگرتنی سەرچاوەکان، کەلەبنەرەتدا پەیوەندیان بەڕاست و دروستی هونەری و ئابووری و پلانی داڕێژراو بۆ وەبەرهێنانی سەرچاوەکان هەیە.

زانیارییەکانی گەشەکردن ئەو زانیاریانەن کەبەتایبەت جەخت لەسەر پرۆسەی گەشەکردن دەکەنەوە، ئەو زانیاریانەن کەبەشداری دەکەن لەپرۆسەی گەشەکردن، هەروەها ئەو زانیارییە زۆرانەی بەرهەم هاتوون لەئەنجامی پرۆسەی گەشەکردنەوە بەسیفەتێکی بێزراو لەگەڵ بڕی ئەو زانیاریانەی کەلەسەرچاوە ناکاغەزیەکان وەك (پەپکە موگناتیزیەکان و قەوانی ڤیدۆو پەپکە روناکی یەکان، هەروەها ئەو شێوە نابەوەی کەلەڕێی گەیشتنی راستەوخۆ (on line) زۆرن. زۆر کەس وای بۆدەچن کە سەنتەرەکانی زانیاری و بەڵگەنامەکان و کتێبخانەکان لەدوارۆژدا دەبن بەگەنجینەی ناکاغەزی بۆ زانیاری.

کتێبخانەو سەنتەری زانیاری دوارۆژ کاریان هەڵگرتنی پێڕست و بیبلیۆگرافیاو داتاکانی دەقی سەرچاوەکانە، خولاو لەسەرچاوە ئەلەکترۆنیە نا کاغەزیەکان بڵاودەکەنەوە، بەشداری دەکەن لەکۆتایی هێنان بەهەزاران میل لەرەفە تایبەتیەکانی چاپکراوەکان و فایلەباوەکان.

ئەم گۆڕانکارییە پەیوەستە بەبەکارهێنانی ئامێری کۆمپیوتەرەوە. دەبینین لە دوا رۆژدا سەنتەرەکانی زانیاری و کتێبخانە جیاوازتر لەشێوەی ئێستایان کەرەسە چاپکراوو کاغەزییەکان لەخۆناگرێ بەڵکو بنکەیەکی زانیاری یان ئەرشیفی رێکخراو لەخۆدەگرێ، ژورێك ئامێری کۆمپیوتەری ناوەندی (مرکزی) ناوچەیەك دەگرێتەخۆ لەهەرکوێیەك بێت. پسپۆڕی زانیارییەکان کارەکانی جێبەجێ دەکات بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ سوودمەندانی لەناو رێکخراوێکدا بێ یا لە کۆمەڵ دابێ.

واپێشبینی دەکرێ لەپاشەرۆژدا کتێبخانە زیاتر ئاڵۆز بێت لەپاڵ رەفەی کتێب و مێزوکورسی خوێنەراندا، خانەکانی کەتایبەتن بە ئامێری کۆمپیوتەرو مامەڵە لەگەڵ بنەماو فایلی داتاکاندا دەکەن دەبێ هەبن بۆ مەبەستی رێکخستن و هەڵگرتن و پاراستن و بەکارهێنانی زانیارییەکان.

ئەو بەرنامە پێشکەوتوانەی کەسەریان هەڵداوە لەبواری گواستنەوەی کۆن بۆ نوێ بەهۆی ئامێری تەکنەلۆژیاوە ئەمانەن:

١–پێڕستی ئەلەکترۆنی بەبەکارهێنانی بەرنامەی پێڕستی خوێندنەوە بەئامێر (MARC) یان پڕۆگرامی (UNIMARC) یان شێوازی پەیوەندی هاوبەش:

(Common Communication Format)

هەموویان پەیوەستن بەبنەماکانی لۆجیکی پۆلینی (Boolean Logic) بۆ توێژینەوەو گەڕانەوەو دروستکردنی فایلی داتاکان.

٢–بەدەستهێنانی ئەلەکترۆنی (تەزوید) لەلایەن سەنتەرەکانی زانیاری و کتێبخانەکان جێگای بایەخەو بەکاردێ لەلایەن ئەوانەوە کە چاپکراوەکان دێنن.

٣–سیستمی خواستن بەئامێر: لەزۆربەی کتێبخانەکاندا بڵاوەو بەکاردێ، ئەم سیستمە کارەکانی تەواوکەری یەکترن کاتێ بەشداری دەکەن لە داتابەیسی بیبلیۆگرافی هاوبەش.

٤–بەرهەمهێنانی پێڕست بەهۆی دەرئەنجامە چاپکراوەکانی کۆمپیوتەرەوە بەدەستدێن.

٥–سیستمی زانیاری کارگێڕی تەواوکەر بۆ کتێبخانەو سەنتەری زانیاری، وەئەو سیستمە ناسەرەکیانەی پەیوەستن بە کارمەندان و بەشەکانی خەرجی دابین کردن و بەشەکانی تری کتێبخانە ئەو داتابەیسانەی خاوەن پەیوەندی راستەوخۆن (on line) بەشێکی گرنگی پڕۆگرامی پراکتیکی کۆمپیوتەرو گواستنەوە پێکدێنن.

**داتابەیس سێ پێکهاتەی بنەڕەتی هەیە ئەمانەن:**

١–بەکارهێنانی زمانی فەرمان ( Command Language) بەپێداویستییەکی گرنگ ئەژماردەکرێ پێش بەکارهێنانی داتابەیس دەبێ هەبێ. ئامادەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی داتابەیس و زمانی تایبەتی فەرمان زۆر گرنگە بۆ خزمەتگوزاریەکانی زانیاری و بەڵگەنامە.

پێویستە شارەزاییمان هەبێ لەو گیروگرفت و زەحمەتانەی کەپەیوەستە بە زمانە سروشتیەکەوە بەم بۆنەیەوە زمان بەیەکێ لەبنەما گشتیەکانی ئەنجامدانی چالاکییەکان دادەنرێ وەك لەدروست کردنی بیبلیۆگرافی و دروستکردنی وەسفی پێکهاتەی داتاکان و هەیکەلی فایلی داتاکان و رێگاکانی ئامادەکردنی ستراتیژیەتی لێکۆڵینەوە لە زانیارییەکان و گێڕانەوەیان.

٢–هەڵبژاردنی سیستمی بەڕێوەبردنی داتابەیس (Database Management System **(DBMS)**) ئەم سیستەمە زۆر هەیەو ئامادەکراوەو بەکاردێ لەگەڵ زۆرینەی جۆرەکانی ئامێری کۆمپیوتەردا هەیە. شارەزایی لەسەرچۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو سیستمەی کەئامادەکراوە یەکێکە لەپێکهاتە بەکەڵکەکان و گرنگەکان لە چوارچێوەی خزمەتگوزاریەکانی زانیاری گەورەترین سیستمی بەڕێوەبردنی داتابەیس بریتییە لە فەرهەنگی تایبەتی داتاکان وەشێوازەکانی رێکخستنی پەیوەندی نێوان فایلی داتاکان.

٣–لەئەنجامی چاککردنی سیستمی بەڕێوەبردنی داتابەیسدا لەچوارچێوەی توێژینەوەو بیرکردنەوە کە پەیوەندی بەزیرەکی دەستکردەوە هەیە (Artificial Intelligence) بواری هاتنە ناوەوەی زمانە سروشتیەکان و هەیکەلی داتاکان و شێوازەکانی توێژینەوەو سەلماندنی ژیری زۆر گەشەی کردوەو پێشکەوتووە.

سیستمی پشگیری بڕیار ( Decision Support System) و سیستمی شارەزایی (Expert System) گەشەیان کردووە لەم روانەوە.

١–گشتگیرکردنی راستیەکان وەك بنەماکان و مەعریفەکان کەلەلایەن شارەزایان و راوێژکارانەوە لە چارەسەری کێشەیەکی دیاری کراودا بەکاردێن.

٢–راڤەکردنی سیستەم و پرۆسە جیاوازەکان و دەرخستنی ئەو شێوازانەی کەدەرئەنجامەکانی لەسەر بنیات نرابوو.

٣–نەریتی پرۆسە مرۆییەکان لەچوارچێوەی پرۆسەی دروست کردنی بڕیاردا. بەوە دەتوانین بەشداری بکەین لە پرۆسەی دەرکردنی بڕیارو دەستەبەرکردنی کەرەسە زانستیە بنەڕەتیەکان بۆ بەکارهێنەرانی سەنتەرەکانی زانیاریی و بەڵگەنامەو کتێبخانە..

بنیات نانی داتابەیس دەبێ گونجاوو باوەڕپێکراو بێت لەپێناوی سەرخستنی هەر پرۆژەیەك کە بمانەوێ بیخەینە ناو ئامێری کۆمپیوتەرەوە لەهەر سەنتەرێکی زانیاریدا. گەورەترین تۆماری داتاکان بیبلیۆگرافی بن یان تایبەت بن بە بەکاربەران لەخزمەتگوزاریەکانی خواستن دا.

دەتوانین لە ئاستی پێویستی کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکاندا دابڕێژین بە بەکارهێنانی شێوازی پێوانەیی کەهۆکارێکی گرنگە بۆ ئامادەکردنی تۆمارگە بیبلیۆگرافیاکان بەهۆی ئامێرەوە دەخوێنرێنەوە. پێوانەی نێودەوڵەتی بۆ وەسفی بیبلیۆگرافی (ISBD) وا لەتوانای سەنتەرەکانی زانیاریی دەکات کە هاوبەش بن لەیەکگرتنی هەنگاوەکانی پێرست و بەکارهێنانی بەرێگەیەکی هاوبەش.

بەکارهێنانی شێوەکانی ئامێری کۆمپیوتەر لەدانانی نیشانە بۆ زانیارییە بیبلیۆگرافیەکان وەك شێوەکانی مارك (MARC) وە یونیمارك (UNIMARC) کەرێگە دەدا بەسەنتەرەکانی زانیاری بەگۆڕینی تۆمارکراوەکان بۆ شێوەیەك کە داڕشتنەوەی بیبلیۆگرافی بەئامێری کۆمپیوتەر وەك یەك بێ. هەروەها یاریدەدەرە بۆ گۆڕینەوەی زانیاری بە ئامێرو کارپێکردن و بەکارهێنانیان ناوخۆییانەیەو بەشداری دەکات لە کۆکردنەوەی روانگەی مەعریفەی مرۆیی و خستنە بەردەستی سودمەندانی.

(DataBase) داتابەیس بریتییە لە فایلی زانیاری و داتاکان بەهۆی ئامێری کۆمپیوتەرەوە دەتوانین بیگەینێ. ئەمە پێویستی بەشێوازی هونەری سەردەم هەیە بۆ هەڵگرتن و گێڕانەوەی زانیارییەکان لەناوکۆمپیوتەردا. بانکی زانیاری پێکهاتووە لە داتابەیسێ یان لەکۆمەڵێ لە داتابەیسی جیاواز.

ئێستا داتابەیسی بیبلیۆگرافی Bibliographic Database هەیە کە هێماو پەرلەی بیبلیۆگرافیا دەدا بە توێژەران لەچەندین سەرچاوەی زانیارییەوە. وەك سەنتەری کتێبخانەی کۆمپیوتەری بەشێوەی پەیوەندی راستەوخۆ (OCLC) لەویلایەتی (ئۆهایۆ)ی ئەمریکی کەناسراوە بە (سەنتەری کتێبخانەی کۆلێژەکانی ئۆهایۆ) کەفایلی تۆمارەکانی پێکەوە بەستراون بەباشترین سیستمی هاوکاری دادەنرێ لەجیهاندا.

دەتوانرێ بەشێوەی تەنها یاخود بەهۆی پەیوەندی و گەیاندنی بەکۆمپیوتەرەوە بۆ دەستکەوتنی تۆمارکراوەکانی بیبلیۆگرافیا بەکاربهێنرێت.

وەهەندێکیان نا بیبلیۆگرافین ( Non –Bibliog raphic Database) وەك داتابەیسی تایبەت بە (DIALOG) و (AGRTS) ئەم داتابەیسانە کۆمەڵێ راستی و زانیاری دەدات بەسوودمەندانی لەکاتی پێویستیدا.

داتابەیس ئەو فایلانە لەخۆدەگرێ کەتۆماری تایبەتی تیایە سەبارەت بەبەڵگەکان و دەکرێ داتابەیسەکان ناوخۆیی بن واتە سەنتەری زانیاریەکە خۆی خاوەنی بێت لەکاتێکدا جێگای بایەخ و گرنگی سوودمەندانیەتی لە سەنتەرەکەدا، دەشێ دەرەکی بێت لەدەستەمەرکەزییەکان ئامادەکرابێ بەمەبەستی سوودگەیاندن بە هاوبەشەکانیان لەسەر بنەمای بازرگانی کردن.



**بەشەکانی داتابەیس**

داتابەیس بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:

١–داتابەیسی رومالیکردنی بابەتی فراوان و مشتومڕی خولاوەکان وە کورتکراوە سەرەکییەکان وەك (Compensates- Compenclex) لەکیمیا (BA Previews) لەزانستی زندەگی و (INSPEC) لەزانستە سروشتیەکان.

٢–بایەخی بابەتیانەی روانگەکانی داتا وەك ئەوەی تایبەتە بەڕێبەرەکانی سەرچاوە زانستەکان کەلەلایەن پەیمانگای زانیارییە زانستییەکان (SI) ئامادەکراوە.

٣–داتابەیسی تایبەت کە ئامانجی دابینکردنی زانیارییە بۆ وەڵامی پێداویستی کەرتێکی پیشەسازی دیاریکراو وەك ( Food, (petroleum (Abstracts) science And Technology Abstracts)

٤–داتابەیسی جۆری کەرومالی سەرچاوە زانیارییەکان دەکات.

لەئێستادا داتابەیسەکان زۆرترین گرنگی دەدەن بەزانستی سروشتی و تەکنەلۆژیەکان لەپاڵ ئەمانەشدا زۆر داتابەیسی تریش هەن کە بایەخ بە بوارەکانی زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆڤ دۆستی دەدەن. دیزاینکردنی داتابەیسێك کاریگەری هەیە لەسەر دەرفەتی دابین کردنی توانای ئەنجامە لەیەکچووەکان بۆ خواستەکانی سوودمەندان لێرەدا مەبەست لەدیزاین کردن واتە زمانی رێبەرو ژمارەی بەڵگەنامە رێبەریەکان و ژمارەی دەروازەکانی رێبەری بۆ هەر بەڵگەنامەیەك.

داتابەیس (Database) و بانکی زانیاری ( Data Bank) دوو زاراوەی تازەن سنورەکانی بەکارهێنانیان بەزێنراوە. دوای سستی و لاوازی بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕ بەکاردەهێنرێن بۆ نیشانەی فایلەکان (Files) یان بۆ داتابەیسی دەقی پوختەکراو (Textual) یان داتابەیسی رەنووسی تۆمارکراو بەشێوازێ کە توانای چارەسەرو ئامادەکردنی هەبێ، بەهۆی ئامێری کۆمپیوتەری ئەلەکترۆنیەوە، داتابەیس لەچاوبانکی زانیاریدا زیاتر بڵاوبۆتەوە بەجیهاندا. لەکاتی بەکارهێناندا سروشت و جۆری داتابەیسەکە دیارە، وەك داتابەیسی بیبلیۆگرافی و داتابەیسی رەنووس (Numerical) و داتابەیسی دەق. هەموو ئەم داتابەیسانە لەژێر ئاڵای سیستمێکدان کەناوی سیستمی گێڕانەوەی راستییەکان ( Fact Retrieval Systems) کەجیاوازە لەسیستمی گێڕانەوەی بەڵگەنامەکان Document Retrieval Systems یەکەمیان راستەوخۆ راستی و داتاو زانیاری دەدا بەسوودمەندانی لەکاتی پێویستدا، بەڵام دووەمیان کلیل و داتا لەسەر بەڵگەنامەکان دەدات بەسوودمەندانی لەکاتی گەڕان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری.

جیاوازی نێوان ئەم دوو سیستەمەی گەڕانەوە بریتییە لەجیاوازی نێوان ئینسکلوپیدیاو فەرهەنگ و رێبەرو رێنیشاندەرو کورتکراوە بۆ رێنمایی کردنی کارێك وکتێبی راستیەکان (سیستەمی یەکەم) لەلایەك پێرست و بیبلیۆگرافیاکان (سیستمی دووەم) لەلایەکی تر.

ئێستا مەیلی ئەو ئاراستە باوەیە لەبەکارهێنانی داتابەیس بۆ نیشانەی هەردوو جۆرەکە بەشێوەیەکی گشتی وەبەکارهێنانی بانکی زانیاری بۆ نیشانەی جۆری یەکەم کەلەسەر شێوازی تایبەتمەندی (تخصیص).

واتە بواری نیشانەی داتابەیس فراوانترین بواری نیشانەیە بۆ بانکی زانیاری. یەکەمیان سروشت و جۆری داتاکان رومالّ دەکات لەروی:

١–سەربەخۆیی.
٢–دابەش بوونی داتاکان.
٣–کەم کردنەوەی دوبارەبوونەوە.
٤–پەیوەندی داتاکان.
٥–داتاکان تەواوبن.
٦–نەرمونیان بن لەبەکارهێناندا.
٧–زامنی نهێنی بکات.
٨–جێبەجێکردنی تەواوەتی.
٩–بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵ.

سەرچاوە:
د. صباح رحيمة و د.محمد حسن الخفاجي، قواعد المعلومات، عمان، دار زهران، ٢٠١٠.

# پۆلێنی دەیی جیهانی
# تصنيف العشري العالمي
# Universal Decimal Classification

**شێرزاد سەعید محەمەد**

یەکێك لەو کێشانەی کە رووبەڕووی کتێبخانەکانو بنکەی زانیارییەکان دەبێتەوە، لەسەر ئاستی جیهان بەگشتیو بەتایبەتیش لەسەر ئاستی کوردستان، نەبوون یاخود نەگونجاندنی سیستمێکی پۆلێنە.

دیارە کتێبخانەو بنکە زانیارییەکانیش بەگشتی، بەبێ بوونی سیتمێکی گونجاو، بۆ پۆلێن کردنی بابەتو سەرچاوەکانی، هیچ مانایەك نابەخشێ، لەوەش زیاتر ژیان بەبێ بوونی پۆلێنکردن، هیچ مانایەکی نابێت. کەواتە لەسەرەتادا بزانین پۆلێن چییە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چ سەردەمێك؟

**لەڕووی زمانەوە:** پۆلێن واتە جیاکردنەوەو دابەشکردن.

**لەڕووی زاراوەیی:** پۆلێن واتە ڕێکخستنی زانیارییە لەیەك چووەکان لەڕووی بابەتەوە لە شوێنێکی دیاریکراوو وە بە هێمایەکی تایبەت.

*پۆلێن*: بریتییە لە جیاکردنەوەی سەرچاوەکانی کتێبخانە بەپێی بابەتەکانیو سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ئەم بابەتانە بەپێی لێکچوونو لێك نزیك بوونیان لە بابەتەکاندا، بەمەرجێ لە بابەتی گشتییەوە بۆ بابەتی تایبەتیو لەهەمان پۆلدا، مەبەستیش لەم پۆلێن کردنە گەیشتنی خوێنەرانە بە ئاسانترین شێوەو کەمترین ماوە، بەو سەرچاوانەی کە لە کتێبخانەدا هەیە.

مرۆڤ هەر لە کۆنەوە گرنگیی زۆری داوە بە پۆلێن کردن، بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە بەدەستمان گەیشتووە، مێژووی پۆلێن کردن دەگەڕێتەوە بۆ (٢٧٠٠) ساڵ پێش زایین، کە لەسەر تاتە قووڕ ئەنجامیان دابوو لە کتێبخانەی ( نیبوور ) لە میزۆپۆتامیا.

پۆلێن کردن لەلای وڵاتی شام (٢٢٠٠)ساڵ پێش زایین ناسراوە، لەلای بابلییەکان ناسراوە (٢٠٠٠)ساڵ پێش زایین، بابلییەکان بابەتەکانیان پۆلێن کردووە بۆ دوو بەش:

١–_بەشێك تایبەت بە زانستەکانی سەر زەوی.

٢–_بەشێك تایبەت بە زانستەکانی ئاسمان.

پۆلێنکردن لەلای ئاشوورییەکان (٧٠٠)ساڵ پێش زایین لە (کتێبخانەی ئاشوور بانی باڵ) ناسراوە، لەلای میسرییە کۆنەکانیش لەکتێبخانەی ( ئەسکندریە ) بەکارهاتووە لە (٤٠٠)ساڵ پێش زایین شاعیر(کالیماخووس) سەرپەرشتی کتێبخانەکەی کردووەو دابەشی کردووە بە (٨) پۆلەوە.

### سوودەکانی پۆلێن چییە؟

١–_ ڕێکخستنی سەرچاوەکانی کتێبخانە.

٢–_ هاوکارێکە بۆ گەیشتن بەسەرچاوەی زانیارییەکان بەئاسانی.

٣–_ کاتو ماندویەتی خوێنەران بە فیڕۆ ناچێت.

دیارە زۆر سیستمی پۆلێنی بەناوبانگی لەجیهاندا هەیە، لەوانە:–

١– پۆلێنی (ملڤل دیوی) لەساڵی ١٨٧٦ لەلایەن ملڤل دیوی دۆزراوەتەوەو ژمارە بەکاردێنێت. لەڕاستیدا دیوی کاریگەری فەلسەفەی (فرانسیس بیکۆن و هیگل)ی لەسەر بووە.

٢– پۆلێنی (دەیی جیهانی) لەلایەن (ئۆتیلاو هینری لاڤۆتین) دۆزراوەتەوە لەساڵی ١٩٠٥ کە ژمارەو هەندێ نیشانەی تر بەکاردەهێنێت.

٣– پۆلێنی (کۆنگرێسی ئەمەریکی) پیت بە کار دێنێت لە ساڵی ١٩٠٢ ئەم سیستمە بەکاردێت.

٤– پۆلێنی (ڕانگاناسان = کۆلۆن) لەلایەن زانای ماتماتیکی هندی (ڕانگاناسان) دۆزراوەتەوە لەساڵی ١٩٣٣ کە ژمارەو پیتو(داش، شارحە) بەکاردەهێنێت.

٥– پۆلێنی بابەتی (جیمس براوون) لەساڵی ١٩٠٦ تەنها پیت بە کاردەهێنێت.

٦– پۆلێنی (کەتەر = پۆلێنی فراوان) لەساڵی ١٨٩١، دانانی هێما بۆ ناوی نووسەرە بیانییەکان .

٧– پۆلێنی نێودەوڵەتی (ڕایدەر).

بەڵام لەم بابەتەدا زیاتر گرنگی دەدەین بەپۆلێنی (دەیی جیهانی) لەبەر ئەوەی لەزۆرێك لە کتێبخانە جیهانییەکاندا بەتایبەتی لە(ئەوروپا) بەکاردێت، بۆ زیاتر شارەزاکردنی هاوکاران لە بواری کتێبخانەو زانیارییەکانداو پێدانی زانیاری نوێ بەخوێنکاران لەبەشی زانیارییەکانو کتێبخانەی هەردوو پەیمانگای تەکنیکی هەولێرو سلێمانی، ئەمە بە پێویست دەزانم.

پۆلێنی دەیی جیهانی کە کورتکراوەکەی (U.D.C) لەلایەن هەردوو پارێزەرانی بەلجیکی (ئۆتێلاو هێنری لاڤۆتین) ئامادەکراوە، لەساڵی (١٨٩٥)لە یەکەم کۆنگرەی ئەمینداڕانی کتێبخانە کە لە (برۆکسل) ئەنجامدرا بوو لە ژێر چاودێری *Institute (International de Bibliographique)* کەئێستا بە (یەکێتی نێودەوڵەتیی زانیارییەکانو بەڵگەنامەکان) دەناسرێت.

یەکەم چاپی ئەم سیستمە بەزمانی فەرەنسی لە ساڵی ١٩٠٥ دا بڵاوکرایەوە، دواتر چاپی دووەمی لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧– ١٩٣٣ بڵاوکرایەوە بەناوی *( Classification Decimal Universal)*.

دواتر چاپەکانی تری بە زمانەکانی ( ئەڵمانیو ئینگلیزیو یابانیو ئیسپانی..هتد ) بڵاوکرایەوە.

ئەم سیستمە لەسەرەتادا لە (کتێبخانە تایبەتەکان)دا بەکارهاتو ناوبانگی پەیداکرد بەوەی سیستمێکی ئاسانە بۆ ئەو کتێبخانانەو توانای گەشەکردنو گرتنە خۆی سەرجەم بابەتەکانی زانستی هەیە.

ئەم سیستمە پێی دەوترا (سیستمی نێودەوڵەتی) لەبەر ئەوەی هەموو زانستەکانی مرۆڤایەتی گرتەخۆ، هەروەها پێی دەوترا (دەیی) چونکە سەرەتای بیرۆکەکەی لە (پۆلێنی ملڤل دیوی)یەوە وەرگیرابوو. کە ئەو سیستمەش زانستەکانی کردووە بە دە بەشی سەرەکییەوە.

(ئوتێلاو هێنری لاڤۆتین) ئامانجیان لەم پۆلێنە زیاتر هێنانەدی خەونێك بوو کە ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕوانی هێنانە دیان دەکرد، ئەویش دروستکردنی (سیستمێکی بیبلیۆگرافیا )یەکی نێودەوڵەتی بوو، کە پێویستی بە سیستمێکی پۆلێن بوو بۆ ڕێکخستنی، بۆ ئەم مەبەستەش پۆلێنی دەیی هەڵبژێردرا، کە لەدواتردا زۆر هۆکاری بۆ هەڵبژێردرا بەشێوەیەك کە گونجاوبێت بۆ گرتنە خۆی کتێب لەهەموو وڵاتانی جیهانو بەهەموو زمانەکان، ئەمەش لە دواتردا بووە هۆکارێك بۆ سەرەتای پێکەوەبەستنو شیکردنەوە لە سیستمەکانی پۆلێندا.

لەکۆبوونەوەکەی (برۆکسل)دا (ئۆتێلاو هێنری لاڤۆتین) داوای دانانی پێڕستێکی کارتیان کرد بۆ بابەتە ئەدەبییەکانی جیهانو بۆ ڕێکخستنی ئەو کارتانە پێویستی بە سیستمێکی پۆلێنی نێودەوڵەتی بوو، کە پۆلێنی(ملڤل دیوی) هەڵبژێردرا وەك بنەمایەك، بەمەرجێك چاکسازی تێدا بکرێتو فراوان بکرێت بەپێی پێویست. (ملڤل دیوی) ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر ئەو بیرۆکەیە بەمەرجێ گۆڕانکاری لە هەیکەلی سەرەکیی سیستمەکەدا نەکرێت.

ئێستا ئەم سیستمە لە بوارێکی فراواندا لە کتێبخانەکانی ئەوروپادا بەکاردێت بەتایبەتی لە کتێبخانە تایبەتەکاندا. ئەم سیستمە بۆ پۆلێن کردنی سەرجەم جۆرو شێوازەکانی سەرچاوە زانستییەکان بەکاردێت، نەك تەنها بۆ پۆلێنی کتێب.

ئەوەی کە خاڵی سەرەکیی جیاکردنەوەی ئەم سیستمەیە لە سیستمی (ملڤل دیوی)، توانا فراوانەکەیەتی لە دروستکردنی ژمارەی پۆلێن بۆ بابەتە جیاجیاکانو پێکەوە بەستنەوەی ئەو بابەتانەیە، ئەویش لەڕێگای ئەو هێماو نیشانانەی کە ئەم سیستمە بەکاریان دێنێت.

بەڵام لایەنێکی خراپی ئەم سیستمە دوورودرێژیی ژمارەو هێماکانن کەلەسەر سوچی سەرچاوەکان دەنووسرێتو لەبیروبۆچوونی خوێنەرانو کارمەندانی کتێبخانەدا نامێنێتەوە، هەروەها کێشەش دروست دەکات لەکاتی ڕێکخستنەوەی سەرچاوەکان لەسەر ڕەفەکانی کتێبخانەو کارمەندان تووشی ماندوو بوونو کات بەفیڕۆدان دەکات.

ئەگەر بێتو بەراوردێك بکەین لە نێوان پۆلێنی (دەیی جیهانیو ملڤل دیوی) لەڕووی دابەشکردنی بابەتەکان بۆ بەشەکانی، دەبینین پۆلێنی دەیی دەبێت بەنزیکەی (١٠٠٠٠٠) بەشەوە، بەڵام پۆلێنی دیوی تەنها دەبێت بە (١١٠٠٠) بەشەوە.

پۆلێنی (دەیی جیهانی) بەهەمان شێوەی پۆلێنی (ملڤل دیوی) ژمارەی عەرەبی بەکاردەهێنێتو هەمان بنەمانی لۆجیکی پۆلێنی ملڤل دیوی هەیە لەدابەشکردنی بابەتەکانی، لەسەرەتادا بۆ دەبەشو دواتر بۆ سەد بەش، بەڵام ئەوەی لە سیستمی پۆلێنی دەییدا جیاوازە تەنها ئەوەیە کە (٠)ی ژمارە سەرەکییەکان نانوسرێت، هەروەها بەکارهێنانی هێما بۆ دابەشکردنی ژمارەکان لەڕووی (شێوازو شوێنو مێژوو جوگرافیاو ..هتد).

### *ناوەرۆکی خشتە سەرەکییەکانی پۆلێنی دەیی جیهانی*
### *(خشتەی یەکەم)*

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٠ | زانستە گشتییەکان | المؤلفات العامة | generalities | سەوزی کاڵ |
| ١ | فەلسەفە | الفلسفة | philosophy | سەوزی تۆخ |
| ٢ | ئاینەکان | الديانات | religions | سپی |
| ٣ | زانستە کۆمەڵایەتییەکان | العلوم الاجتماعية | Social sciences | سور |
| ٤ | زمانەکان | اللغات | languages | زەرد |
| ٥ | زانستی سروشتی | العلوم الطبيعية | Pure sciences | مۆر |
| ٦ | زانستی پراکتیکی | العلوم التكنلوجية | Technology | ڕەش |
| ٧ | هونەرە جوانەکان | الفنون الجميلة | arts | قاوەیی |
| ٨ | ئەدەبیات | الاداب | Literature | ڕەساسی |
| ٩ | مێژوو جوگرافیاو یاداشت | تاريخ و الجغرافية والتراجم | History geography and biography | سەوزی زەرد باو |

### (خشتەی دووەم)
### ئەو نیشانانەی کە بەکاردێن لەسیستمی دەیی جیهانیدا

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٠ | زانستە گشتییەکان | المؤلفات العامة | generalities |
| ٠١ | بیبلیۆگرافیا | البيبليوغرافيا | bibliography |
| ٠٢ | زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان | علم المكتبات و المعلومات | Library and information sciences |
| ٠٣ | ئینسایکلۆپیدیاو فەرهەنگ | الموسوعات و القواميس | encyclopedias |
| ٠٤ | بەکارنەهاتووە | غير مستخدم | No used |
| ٠٥ | گۆڤارو ڕۆژنامەو زنجیرەکان | الدوريات | Periodical |
| ٠٦ | ڕێکخراوەکان | المنظمات | Organization |
| ٠٧ | ڕۆژنامەگەری | الصحافة | Journalism |
| ٠٨ | کۆمەڵێك بابەتی جۆراو جۆر | مجموعات العامة فی كتاب واحد | General collation |
| ٠٩ | دەستنووسو سەرچاوە دەگمەنەکان | المخطوطات والكتب النادرة | manuscripts |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | فەلسەفە | الفلسفة | philosophy |
| ١١ | میتافیزیقا: فەلسەفەی ئاوێتە بوون | الميتافيزيقا | metaphysics |
| ١٢ | مەعریفە | المعرفة | Knowledge |
| ١٣ | دەروونناسی جادووگەری | علم النفس الشعبي | Popular psychology |
| ١٤ | ڕێچکە فەلسەفییەکان | المذاهب الفسفية | Philosophical viewpoints |
| ١٥ | دەروونناسی | علم النفس | Psychology |
| ١٦ | زانستی مەنتیق | علم المنطق | logic |
| ١٧ | زانستی خوورەوشت | علم الاخلاق | ethics |
| ١٨ | فەلسەفەی کۆن و فەلسەفەی ئیسلامی | الفلسفة القديمة و الفسفة الاسلامية | Ancient. Medieval.orietal philosophy |
| ١٩ | فەلسەفەی تازەو فەلسەفەی ئەوروپی | الفلسفة الحديثة و الفلسفة الاوروبية | Modern philosophy |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢ | ئاینەکان | الديانات | Religions |
| ٢١ | ئایینی ئیسلام | الدين الاسلامي | Islamic Religion |
| ٢٢ | قورئانی پیرۆز و زانستەکانی قورئان | القران الكريم و علومه | The holy Koran and its sciences |
| ٢٣ | فەرموودەکانی پێغەمبەرو ژیانی | الاحاديث النبوية و حياته | Speech of prophet Muhammad |
| ٢٤ | ئوسوڵی ئاین | اصول الدين | Religion principles |
| ٢٥ | فقه (شەریعەت) | الفقة | Jurisprudence |
| ٢٦ | سۆفیگەری | التصوف | Sufism |
| ٢٧ | ئایینی مەسیحی | الدين المسيحی | Christian Religion |
| ٢٨ | کەنیسەو گروپە مەسیحییەکان | الكنائس و الفرق المسيحية | Churches and Christian groups |
| ٢٩ | ئاینەکانی تر | الديانات الاخرى | Other religion |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | زانستی کۆمەڵایەتی | العلوم الاجتماعية | Social since |
| ٣١ | ئامار | الاحصاء | Statistics |
| ٣٢ | زانستی ڕامیاری | العلوم السياسية | Political since |
| ٣٣ | ئابووری | الاقتصاد | Economics |
| ٣٤ | یاسا | القانون | Law |
| ٣٥ | بەڕێوەبردنی گشتی | الادارة العامة | Public administration |
| ٣٦ | خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان | الخدمات الاجتماعية | Social services |
| ٣٧ | پەروەردەو فێرکردن | التربية و التعليم | Education |
| ٣٨ | بازرگانی | التجارة | Transpirations |
| ٣٩ | فۆلکلۆر | العادات و التقاليد و الفولكلور | Folklore |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤ | زمانەکان | اللغات | Language |
| ٤١ | زمانی عەرەبی | اللغة العربية | Arabic language |
| ٤٢ | زمانی ئینگلیزی | اللغة الانكليزية | English language |
| ٤٣ | زمانی ئەڵمانی | اللغة الالمانية | Germany language |
| ٤٤ | زمانی فەڕەنسی | اللغة الفرنسية | French language |
| ٤٥ | زمانی ئیتاڵی | اللغة الايطالية | Italian language |
| ٤٦ | زمانی ئیسپانی | اللغة الاسبانية | Spanish language |
| ٤٧ | زمانی لاتینی | اللغة الاتنية | Latina language |
| ٤٨ | زمانی یۆنانی | اللغة اليونانية | Greek language |
| ٤٩ | زمانەکانی تر | اللغات الاخرى | Other language |
| ٤٩١،٥٩٧ | زمانی کوردی | اللغة الكردية | Kurdish language |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥ | زانستە سروشتییەکان | العلوم الطبيعية | Natural science |
| ٥١ | بیرکاری | الرياضيات | Mathematics |
| ٥٢ | زانستی گەردوون | علم الفلك | Astronomy |
| ٥٣ | فیزیا | الفيزياء | Physics |
| ٥٤ | کیمیا | الكيمياء | Chemistry |
| ٥٥ | جیۆلۆجیا | الجيولوجيا | Geology |
| ٥٦ | زانستی بەبەردبووەکان | علم المتحجرات | Paleontology |
| ٥٧ | زیندەوەرزانی | علم الاحياء | Anthropology |
| ٥٨ | ڕووەك زانی | علم النبات | Botanical sciences |
| ٥٩ | زانستی ئاژەڵ | علم الحيوان | Zoological sciences |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦ | زانستی پراکتیك– تەکنەلۆجیا | العلوم التطبيقية | Technology |
| ٦١ | زانستی پزیشکی | العلوم الطبية | Medical sciences |
| ٦٢ | ئەندازیاری | الهندسة | Engineering |
| ٦٣ | کشتوکاڵ | الزراعة | Agriculture |
| ٦٤ | ئابووری ناوماڵ | الاقتصاد المنزلي | Home economic |
| ٦٥ | بەڕێوەبردنی کارەکان | الخدمات الادارية | Business services |
| ٦٦ | پیشەسازیی کیمیاوی | الصناعات الكمياوية | Chemical technology |
| ٦٧ | پیشەسازیی | الصناعات | Manufactures |
| ٦٨ | پیشەسازیی ورد | الصناعات الدقيقة | Miscellaneous manufactures |
| ٦٩ | بیناسازیی | البناء | Buildings |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧ | هونەرە جوانەکان | الفنون الجميلة | Arts |
| ٧١ | هونەری نەخشەکێشان و جوانکردنی شار | فن تجميل الاراضي و تخطيط المدن | Civic and landscapes arts |
| ٧٢ | ئەندازیای تەلارسازیی | الهندسة المعمارية | Architecture |
| ٧٣ | هەڵکۆڵینو نەخش کردن | النحت و النقش | Plastic arts |
| ٧٤ | زەخرەفەو وێنە کێشان | الرسم والفن الزخرفي | Drawing |
| ٧٥ | وێنەی زەیتی | الرسم الزيتي | Panting |
| ٧٦ | هونەری چاپکردن | فن الطباعة | Prints |
| ٧٧ | وێنەی فۆتۆگراف | التصوير الشمسي الضوئي | Photography |
| ٧٨ | مۆسیقا | الموسيقى | Music |
| ٧٩ | وەرزشو نواندن | الرياضة و فن التمثيل | Performing arts |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | ئەدەبیات | الاداب | Literatures |
| ٨١ | ئەدەبی عەرەبی | الادب العربي | Arabic literatures |
| ٨٢ | ئەدەبی ئینگلیزی | الادب الانكليزي | English Literatures |
| ٨٣ | ئەدەبی ئەڵمانی | الادب الالماني | German Literatures |
| ٨٤ | ئەدەبی فەڕەنسی | الادب الفرنسي | French Literatures |
| ٨٥ | ئەدەبی ئیتاڵی | الادب الايطالي | Italian Literatures |
| ٨٦ | ئەدەبی ئیسپانی | الادب الاسباني | Spanish Literatures |
| ٨٧ | ئەدەبی لاتینی | الادب الاتيني | Latin Literatures |
| ٨٨ | ئەدەبی یۆنانی | الادب اليوناني | Greek Literatures |
| ٨٩ | ئەدەبی گەلانی تر | الاداب الاخرى | Other languages Literatures |
| ٨٩١،٥٩٧ | ئەدەبی کوردی | الادب الكردي | Kurdish Literatures |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | مێژوو جوگرافیاو یاداشت | تاريخ و الجغرافيا و التراجم | History geography and biography |
| ٩١ | جوگرافیا | الجغرافيا | Geography |
| ٩٢ | یاداشت | التراجم | Biography |
| ٩٣ | مێژووی کۆن | تاريخ القديم | Ancient history |
| ٩٤ | مێژووی نوێ و مێژووی ئەوروپا | تاريخ الحديث و تاريخ الاوروبا | Modern history and European |
| ٩٥ | مێژووی ئاسیا | تاريخ اسيا | Asia history |
| ٩٦ | مێژووی ئەفەریقا | تاريخ افريقا | Africa history |
| ٩٧ | مێژووی ئەمەریکای باکوور | تاريخ أمريكا الشمالية | North American history |
| ٩٨ | مێژووی ئەمەریکای باشوور | تاريخ أمريكا الجنوبية | South American history |
| ٩٩ | مێژووی ناوچەکانی تری جیهان | تاريخ مناطق الاخرى في العالم | History of other part of world |
| ٩٥٦،٦٧ | مێژووی کوردستان | تاريخ كوردستان | Kurdistan history |

هەندێ نیشانە بەکاردێن لە (پۆلێنی دەیی) دا کە لەم چەند نمونەیەی خوارەوەدا جۆرەکانیو شێوازی بەکارهێنانیان ڕووندەکەینەوە:

( : ) بەکاردەهێنرێت بۆ پێکەوە بەستنەوەی دووبابەتی لێك نزیك، بۆ نموونە:

جوگرافیای کشتوکاڵی ٩١:٦٣

(( )) بەکاردەهێنرێت بۆ پێکەوە بەستنەوەی بابەتێكو ماوەیەکی مێژوویی، بۆ نموونە:

ئابوریی عێراق لە نێوان دوو جەنگی ١٩١٤ و ١٩٣٩ ((١٩٣٩)) / ((١٩١٤)) (٥٦٧)٣٣

( ) بەکاردەهێنرێت بۆ پێکەوە بەستنەوەی بابەتێكو ناوچەیەکی جوگرافی بۆ نموونە:

ئابووری ئەوروپا (٤) ٣٣

– بەکاردەهێنرێت بۆ دابەشکردنی شێوازەکانی ئەدەبو زمان، بۆ نموونە:

چیرۆکی ئینگلیزی ٣ – ٨٢ ڕێزمانی فەڕەنسی ٥ – ٤٤

\+ بەکاردەهێنرێت بۆ پێکەوە بەستنی دوو بابەت کە پەیوەندیایەکانیان یەکسان بێت، بۆ نموونە:

ئابووریی کشتوکاڵ ٦٣ + ٣٣

/ بەکاردەهێنرێت بۆ پێکەوە بەستنی دوو بابەتی مێژووی یاخوود شوێن، بۆ نموونە:

یاسا لە فەڕەنساو ئیتاڵیا ( ٤٥ / ٤٤ ) ٣٤

= بەکاردەهێنرێت لەگەڵ جۆرەکانی زمانو بابەتە ڕەگەزییەکان وەك ڕەگەزی مرۆڤ، بۆ نموونە:

مێژووی عەرەب لە ئیسپانیا ( ٩٢٧ = ) ٩٤٤

٠ بەکاردەهێنرێت بۆدابەشکردنی شێوازەکانی دەرەوەوناوەی سەرچاوەکان، بۆ نموونە:

ڕێبەری ئامار ( ٠٢٥ ) ٣٣

**تێبینی:** سەبارەت بەژمارەکانی پۆلێنی بابەتەکانی ئایینی ئیسلامو زمانو ئەدەبی عەرەبی چاکسازییەکانی وڵاتانی عەرەبم بەکارهێناوە ، چونکە لەکتێبخانەکانی کوردستانداو لەسیستمی پۆلێنی دیویدا هەمان چاکسازی بەکاردەهێنرێت.

### سەرچاوەکان

١–ج. ملز "نظم التصنيف الحديثة في المكتبات" أسسها النظرية وتطبيقاتها العملية" ترجمة عبد الوهاب أبوالنور، الصفحات ١٤٢–١٧٣ (القاهرة: مكتبة غريب، ١٩٨٢
٢–أسس التصنيف والتصنيف العملي، محمود أحمد أتيم، الصفحات ١٤٥–١٩٨ (بيروت: دار الجيل،عمان:مكتبة المحتسب، ١٩٨١).
٣–برجيس عزام، مدخل الى تصنيف المكتبات، الصفحات ١٢٦–١٣٣. سورية:مطابع الصباح،١٩٨٦.
٤– www.elshami.com/Tems/U/Unive...sification.htm

# سیستمە نوێیەکانی زانیاری لەکتێبخانەو ئەرشیفەکاندا

(١-٢)

و. کامیل محەمەد قەرەداغی

**سەرەتایەك**

دامەزراوەکانی کتێبخانەو ئەرشیفەکان لە کوردستانو تەواوی ناوچەکەدا ڕووبەڕووی تەحەدایەکی گەورە دەبنەوە، تەحەدای چوونە ناو هەزارەی سێیەمەوە بەپێی هەلومەرجە باوەکانی ئەم سەردەمەی جیهان، کە دیارە ئەمەش پێویستی بە چەند هەلومەرجێك هەیە، گرنگترینیان بریتییە لە چوونە ناو فەزای زانیاریی نوێو تێگەیشتن لە کەرەستەو ئاسۆکانی.

دەبێ دەزگایەك هەبێت شان بداتە بەر کارکردنی ڕاستەقینە بۆ بزواندنی ئەم بزوتنەوە مێژووییە نوێیە، کە تازە سەریهەڵداوەو کەوتۆتە ئەوەی سیمای کۆمەڵگاکان بگۆڕێت، لەڕێگەی ڕەخساندنی پێداویستییەکانی سەرخستنی ئەم بزوتنەوەو گەیاندنی کۆمەڵگای ئێمە بە کۆمەڵگای داتاو زانیاری بەکورتترین ڕێگاو کەمترین تێچوونی مادیو کاتیو مینۆکی. ڕێگایەکی یارمەتیدەر بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بریتیە لە دۆزینەوەی ئاسۆکانی پێشخستنی زانیاریو ڕەنگدانەوەی ئەم پێشخستنە لەسەر دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تر، لەو بوارەوە کە زانیارییەکان سادەو ئاسان بکرێنەوەو بخرێنە بەردەستی زۆرترین بەکارهێنەر، چونکە بڕوامان وایە، ئەگەر نەتوانین زۆرترین ژمارەی خەڵك رابکێشینە ناو ئەم بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەوە، ئەوا لە مەرجێکی گەیشتن بە ئامانجی ئەو پێشکەوتنە بێبەری دەبین.

یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئێمە بریتییە لە سادەو ئاسانکردنەوەی چەمکەکانی کۆمەڵگای زانیاریی مۆدێرنو ڕوونکردنەوەی کاردانەوەو ڕەنگدانەوەکانی بۆسەر کۆمەڵگای خۆمان، زاراوەو و کەرەستەکانی بەشێوەیەك بهێنینەسەر زمانەکەی خۆمان، کە جەماوەری خەڵکی ئاساییش لێی تێبگەن، ئەو خاوەن پیشانەش بتوانن لێی تێبگەن، کە دەبێ سبەینێ لە کارەکەی خۆیاندا میکانیزمەکانی کۆمەڵگەی زانیاریی نوێ بەکار بهێنن.

زامنی راستەقینەی گەیشتن بەم ئامانجە بریتییە لە دۆزینەوەی زەمینەیەکی میللی هۆشیارانە بۆ تێگەیشتن و ڕۆیشتن لەگەڵ ئەم پێشکەوتنو کەرەستەو ئاسۆکانیدا.

١- ڕۆڵی ئینتەرنێتو پەخشی ئەلیکترۆنی لە پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی نوێدا،

**١,١ سەرەتایەكو ئاماژەیەکی مێژوویی**

سەرەتاکانی دەرکەوتنی تۆڕی ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٩) ئەوکاتە ئاژانسی پرۆژەی توێژینەوە پێشکەوتوەکانی سەر بە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا پێویستی بە دامەزراندنی تۆڕێکی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی نێوانی توێژینەوە پێشکەوتووەکانی ئەو سەنتەرانە هەبوو، کە هاوکاری وەزارەتی بەرگری بوونو لە شوێنی جیاجیای ناو ئەمریکاوە کاریان دەکرد، هەوڵە یەکەمینەکانیان سەریگرتو یەکەمجار توانییان چوار کۆمپیوتەر پێکەوە ببەستنەوە، ئەمەیان ناونا (دارپانێت) دووایی دیسان پەرەیان پێداو لەساڵی (١٩٧٢) ا توانییان (٣٧) بنکەی زانیاری پێکەوە گرێ بدەنو ئەمەیان ناولێنرا(ئارپانێت)، کە ئەمەیان پێشکەوتووتر بوو. هەمان ئارپانێت لە ساڵی (١٩٨٤)دا پرۆتۆکۆلەکانی (تی سی پی/ ئای پی) یان کارپێکرد. لە ساڵانی (١٩٩٠، ١٩٩٢، ١٩٩٤) پێشکەوتنی بەرچاو هاتنە ئاراوە تا لە ساڵی (١٩٩٤) زانکۆی (مینیسیوتا)ی ئەمریکی بەرنامەی (گوفەر)ی داهێناو بەمەش ئەو ئینتەرنێتەی ئێستا کەوتە بەردەست، کە سیستمێکی نامەرکەزیی ئاڵوگۆڕی زانیارییە.



ئەرشیفێکی دەوڵەمەند بەکتێبو بەڵگەنامە

**١,٢ خزمەتگوزارییەکانی تۆڕی ئینتەرنێت**

کۆمەڵێکی زۆرو زەبەندی کەرەستە هەن، کە دەبنە یارمەتیدەری کەسی بەکارهێنەر بۆ پەیبردن بەلایەنە شاردراوەکانی جیهانی بەرفراوانی ئینتەرنێتو ئەو سەرچاوە زانیارییانەی تێیدا دەست دەکەون. سەرەکیترین ئەو کەرەستانە بریتین لەمانەی خوارەوە:

WWW.- TELNET . – FTP- NEWS- GOPHER

**١-٢-١ پۆستی ئەلیکترۆنی، ئیمەیل**

ئیمەیل واتە وەرگرتنو ناردنی نامە بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنیو جەماوەریترین خزمەتگوزاریی ناو ئینتەرنێتە. تائێستا زۆری بەکارهێنەران هەر لەبەر ئیمەیل ئینتەرنێت بەکاردەهێنن. ئیمەیل جگە لە زوو گەیشتن خاسیەتی زۆری هەیە، لەوانە: دەتوانیت هەمان نامە لەیەك کاتدا بۆ چەندان وەرگری بنێریت، تێچوونی کەمە، وەڵامدانەوەی ئاسانە، ئەو پەیامانەی بە ئیمەیل ڕەوانە دەکرێن ڕێژەی فەوتانیان زۆر کەمە، لەهەر کوێیەکی دونیا بیت، تەنها ئینتەرنێتت هەبێت دەتوانیت سەیری سندوقی پۆستەی نامە ئیمەیلییەکانت بکەیت.ئیمەیل تەنها نوسین ناگرێتەوە، بەڵکو چەندان جۆری فایلی دەنگیو ڕەنگیو بابەتی تریشی پێدەگوێزرێتەوە.

**١,٢,٢ نیوز- هەواڵ**

تۆڕی هەواڵەکانیش لەسەر ئینتەرنێت دیسان لەو کەناڵانەن، کە ئاستی جەماوەرییان بەرزە. ئەمانە پۆتۆکۆلی (ئێن. ئێن. تی. پی) بەکاردێنن، کە بەکوردی واتە ڕێکەوتننامەی گواستنەوەی هەواڵەکانی تۆڕ، کە لە سیستمێکی قەبە پێکدێتو زیاتر لە پێنج هەزار کۆڕی گفتوگۆی بەردەوامی تێدایە، کە لە ئاخاوتندانو پێیان دەگوترێت (گروپەکانی هەواڵ). بەبێ وەستان بەدرێژایی سەعاتو ڕۆژو مانگو ساڵ لەکارکردندانو بوار بە کەناڵە بازرگانییەکانیش دەدرێت بچنە ناو گروپی هەواڵەکانەوەو بەبێ ئەوەی هاوبەش بن تێیدا گوێ ڕادێرن. هەندێکی ئەم گروپانە کەسی بەرپرسیان هەیەو ئەم کەسانە دەتوانن ڕێگە لە چوونە ناوەوەی خەڵك بگرن. گفتوگۆی ناو ئەم گروپانە شتی زۆرباشی لێدەکەوێتەوە.

**١,٢,٣ گوفەر**

پێشتریش ناویمان هێنا، گوفەر بەرنامەیەکە کاری پرۆسەکانی گفتوگۆکردنو گەڕان بەدوای زانیاریدا ئاسان دەکات، ساڵی (١٩٩١) لە زانکۆی مینیسیوتا داهێنراوە. بەکارهێنەر دەتوانێت بەهۆی گوفەرەوە بەدوای ئەو زانیارییانەدا بگەڕێت، کە خۆی نازانێت لە کوێ هەن. پاشان بەرنامەی تر هەن، کە لەناو گوفەردا زانیاریی وردتر پەیدا دەکەن، وەك (جەگهێدو ڤێرۆنیکا)

**١,٢,٤ پرۆتۆکۆلی گواستنەوەی فایلەکان (ئێف. تی. پی )**

واتە فایل ترانسفێر پرۆتۆکۆل. تۆ لەوانەیە زۆرجار ئیشەکانت بە تەنها بەئینتەرنێت بەڕێوەنەچنو پێویستت بە بەرنامەیەکی تایبەت هەبێت ئیشی خۆتی پێبکەیت. دەتوانیت لە ئینتەرنێتدا بەدوای ئەو بەرنامانەدا بگەڕێیت، (ئێف. تی. پی) بوارت دەدات لەڕێگەی هێڵەوە بەرنامەیەك لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی تر بگوێزرێتەوە. بەرنامەی یارمەتیدەر بۆ ئێف تی پی هەیە، لە نمونەی (ئارچی)، کە ئەمەیان دەتوانێت دەستنیشانی ئەو شتانە بکات، کە پەیوەندییان بەو مەبەستەوە هەیە، کە تۆ بۆیدەگەڕێیت.

**١,٢,٥ تێلنێت**

تێلنێت ڕێگایەکی تری بەکارهاتووە بۆ گەیشتن بەو زانیارییانەی لەسەر سێرڤەرەکان پارێزراون. واتە لەڕێگەیەوە دەتوانیت لە شوێنێکی دوورەوە بچیتە ناو کۆمپیوتەرێکەوە، زانیاریشی لێ دەربهێنیت. وەك تۆ لە ولاتێك بیتو بەم بەرنامەیە بچیتە ناو کۆمپیوتەرێکی ترەوە لەوپەڕی دونیاو بەرنامە پارێزراوەکانی ناویشی کار پێبکرێت. بۆ نموونە تۆ لەم شوێنەی خۆتەوە دەتوانیت سەیری ئەنکێتی کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکا، یان کتێبخانەی بریتانی لە لەندەن بکەیتو بزانیت داخۆ ئەو کتێبەی تۆ دەتەوێت لەوێ هەیە یان نییە !

{ژمارەیەکی زۆری بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت، لە وڵاتانی دەرەوە وایان پێباشە، خزمەتگوزارییە بازرگانییە ڕاستەوخۆکان لە ئینتەرنێتەوە بەکاربهێنن. چونکە زۆر کۆمپانیا هەن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە خزمەتگوزارییەکانی خۆیان دەخەنە بەردەستی کڕیاران}

تاکە مەرجی بەکارهێنانی سەرکەوتووانەی بەرنامەی تێلنێت ئەوەیە بەکارهێنەرەکەی بزانێت چۆن ئەو کۆمپیوتەرە بەکاربهێنێت، کە دەچێتە ناویو کۆمپیوتەرەکەش بواری چونەناوەوەی پێبدات.

**١,٢,٦ پەیوەستی تۆڕی جیهانی(WWW)**

ئەم سێ پیتە، کە ڕۆژانە ملیۆنەها جار لەم جیهانەدا بەکاردەهێنرێن، کورتکراوەی سێ ووشەن، کە پێکەوە مانای (تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی جیهان) دەدەن، بەڵام ئێستا پێیدەگوترێت پەیوەستی تۆڕی جیهانی. ئەمەش بەرنامەیەکە لە ساڵی (١٩٩٢) دا لەلایەن کۆمپانیای سیرنەوە خراوەتە بەرچاو. وێبی ئێستا ڕێکەوتننامەی گواستنەوەی هایپەرتێکست (HTTP) بەکاردەهێنێت، کە کورتەی دەستەواژەی (HYPERTEXT TRANSFER PROTOCOL) ەو زمانێکی پێوانەییەو بوار بە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت دەدات بتوانن پەیوەندی بەیەکترەوە بکەن.

هەرچی ماڵپەڕی ئینتەرنێت هەیە ئەم سیستمە بەکاردەهێنن، مەبەستەکەش ئەوەیە لەڕێگەی لینکەوە لاپەڕەکانی ماڵپەڕەکە پێکەوە دەبەسترێنەوەو توانای هاتوچۆی نێوانی زانیارییەکانیان پێدەڕەخسێتو مەبەستی ماڵپەڕەکەیان پێ تەواو دەکرێ.

**١,٢,٧ برۆزەر**

برۆزەرەکان دەستەیەکی تری بەرنامە سودبەخشەکانن، بەکاردەهێنرێن بۆ گەڕان بە دوای زانیاریدا لەناو خادمێکی تایبەتدا، ئەم بەرنامانە بەکاردێن بۆ بینینی زانیارییەکانی هەر ماڵپەڕێك، (نێتسکەیپو ئێکسپلۆرەر و فایەر فۆکس)لەناسراوترین بەرنامە بەکارهێنراوەکانی برۆزینگی ئەمڕۆن.

**١,٢,٨ خزمەتگوزاریی ڕاستەوخۆ، یان ئۆنلاین**

ژمارەیەکی زۆری بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت، لە وڵاتانی دەرەوە وایان پێباشە، خزمەتگوزارییە بازرگانییە ڕاستەوخۆکان لە ئینتەرنێتەوە بەکاربهێنن. چونکە زۆر کۆمپانیا هەن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە خزمەتگوزارییەکانی خۆیان دەخەنە بەردەستی کڕیارانو هەر لە ئینتەرنێتەوە مامەڵەکەیان لەگەڵدا تەواو دەکەنو دواتر کاڵا فرۆشراوەکان، لە کاتێکی زوودا دەگەنە دەستی ئەو کڕیارەی لە ڕێگەی نێتەوە شتەکانی کڕیوە. هەموو ئەو کۆمپانیایانە کە کاڵاکانی خۆیان لەسەر ئینتەرنێت بۆ فرۆشتن دادەنێن، ماڵپەڕو ئیمەیلو فۆرمو شێوازی جاڕدانی خۆیانیان هەیە.

سەرچاوە: www.dahsh.com

{گەیاندنی کۆمەڵگای ئێمە بە کۆمەڵگای داتاو زانیاری بەکورترترین ڕێگاو کەمترین تێچوونی مادیو کاتیو مینۆکی، ڕێگایەکی یارمەتیدەر بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بریتیە لە دۆزینەوەی ئاسۆکانی پێشخستنی زانیاریو ڕەنگدانەوەی ئەم پێشخستنە لەسەر دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تر}

# زانستی پێڕستو دۆکۆمێنتاری

## "بەشی شەشەم"

د. شاکر السعید
و. یاسین قادر بەرزنجی- ساکار عەلی عەبدوڵڵا

### زانیاریی سەبارەت بەمێژووی بڵاوکردنەوە، یان دابەشکردن

ئەم مێژووە سەبارەت بەچاپەو لەشوێنی چاپدا دەنووسرێت، لەنێوان بڵاوکەرەوە، یان دابەشکردنو مێژووی بڵاوکردنەوە، یان دابەشکردن هێمای(،) دادەنرێت بەم شێوەیە:

بڵاوکەرەوە، مێژووی بڵاوکردنەوە.

ئەگەر مێژووەکە بەپێی ساڵی زایینی نەبوو، ئەوا مێژووەکە هەرچۆن نووسرابوو وەك خۆی دادەنرێتەوە هاوکات(زایینی)یەکە لەنێوان دوو کەوانەدا دادەنرێتو بەمجۆرە:

١٤٠١ك [١٩٨١].

نموونە:

.– دمشق: اتحاد الکتاب العرب، ١٩٧٩.

.– طرابلس، لیبیا: الدار العربیة للکتاب، ١٩٨٧.

لەکاتێکدا مێژووی بڵاوکردنەوە بەهەڵە نووسرابوو، دەبێت مێژووە راستەکە دوای هەڵەکە لەنێوان دوو کەوانەدا دابنرێتو بەمجۆرە:

١٩٩٨، [واتە ١٩٨٩].

پێرستکار دەتوانێت مێژووی مافی لەچاپدان، لەدوای مێژووی بڵاوکردنەوە دابنێت، ئەگەر لەیەکتر جیاوازبن، بەم شێوەیە:

١٩٦٧، سپاردن ١٩٦٥.

هەرچۆن مێژووی مافی لەچاپدانو مێژووی چاپکردن شوێنی مێژووی بڵاوکردنەوە دەگرنەوە لەوکاتانەدا کە ئەمەی دواییان نادیار بێت، بەڵام گەر هیچ یەك لەو مێژووانە دیار نەبن، ئەوا مێژوویەکی بڵاوکردنەوەی نزیك دادەنرێت، هەرچەندە نابێت شوێنی مێژووی بڵاوکردنەوە بەتاڵ بێت، هەرچۆن جاران دەبوو کورتکراوی(ب.م) واتە بێ مێژوو دادەنرا، بەڵکو دەبێت مێژوویەکی نزیك بەیەکێك لەم رێگایانە دابنرێت:

* بەکارهێنانی دوو مێژووی ئەگەریی(احتمالي) بڵاوکردنەوە، [١٩٦٧یان ١٩٦٨].

* بەکارهێنانی مێژوویەکی ئەگەریی،[١٩٥٧].

* بەکارهێنانی ماوەیەکی زەمەنیی ئەگەریی کە لە ٢٠ ساڵ تێنەپەڕێت،[نێوان ١٩٧٠و ١٩٧٨ ]

* روونکردنەوەی مێژووە نزیکەکە بەمجۆرە، [نزیکەی ١٩٨٥].

* ناوبردنی دەیە، گەر ساڵەکە نادیاربوو ئەگەری دەیەکە هەبوو، [–١٩٧].

* ناوبردنی دەیەی ئەگەریی،[؟– ١٩٧].

* هەرنەبێ ناوبردنی سەدە، [–١٩].

* گەر سەدەکەشی نادیاربێ، [؟–١٩].

هەرچۆنێ بێ، نابێت پێرستکار بەرامبەر هیچ یەکێك لەم رێگایانە دەستەپایە بێت، ئەگەر بابەتەکەش لەچەند بەرگێکدا بێتو لەماوەیەکی زەمەنیدا بڵاوکرابێتەوە، ئەوا یەکەمو دوا مێژووی بڵاوکردنەوە دیاری دەکرێتو لەنێوانیاندا داشێك، بەمجۆرە:

١٩٨٧، –

### شوێنو ناوی چاپخانەو مێژووی لەچاپدان

زانیاریی لەسەر چاپ لەوکاتەدا دەنووسرێ گەر ناوی بڵاوکەرەوە نەبێت، ئەمە دراوەتە دەست پێرستکار، لەگەڵ زانیارییەکانی بڵاوکردنەوە کە دیارن(شوێنی بڵاوکردنەوە: بڵاوکەرەوە، مێژووی بڵاوکردنەوە)، ئەوانە لەدوای مێژووی بڵاوکردنەوە بەم ریزبەندییە دادەنرێن:

(شوێنی چاپ کە ناوی شارێکە: ناوی چاپخانەن مێژووی لەچاپدان)

بۆ نموونە:

(ریبات: چاپخانەی الرسالة، ١٩٧٠)

ئەگەرمێژووی بڵاوکردنەوە هەرخۆیشی مێژووی لەچاپدان بێت، ئەوا نابێ ئەو مێژووە دووبارە ببنەوە.

دەکرێ رەگەزەکانی(شوێنی بڵاوکردنەوە، دابەشکردن...بەمجۆرە کورت بکرێنەوە:

.– شوێنی بڵاوکردنەوە یان دابەشکردن: ناوی بڵاوکەرەوە یان دابەشکار[ئەرکی بڵاوکەرەوە یان دابەشکار]، مێژووی بڵاوکردنەوە یان دابەشکردن(شوێنی چاپ: ناوی چاپخانە، مێژووی لەچاپدان).

### بەشی وەسفی مادیی

ئەم بەشە لەبڕگەیەکی نوێدا دەستپێدەکاتو بەسەر ئەم رەگەزانەدا دابەش دەبێت:

١– چەندێتی: ئەویش ژمارەی لاپەڕەکان یان بەرگەکەیان، ئەمەش لەکتێبێك بۆ یەکێکی تر جیاوازە.

٢– درێژەی تر: ئەویش پەیوەندە بەوێنە روونکەرەوەکانی ناو کتێبەوە، ئەویش بە وشەی(وێنە) ناودەبرێتو راستەوخۆ لەدوای ژمارەی لاپەڕەکان دێتو بەمجۆرە:

٢٥٠ل : وێنە

٩٠ل : نەخشەکان

٣– قەبارەی مادەکە، یان(مەودا) کە بریتییە لەدرێژایی، یان قەوارەکەی+ کەرەستەو بابەتی هاوپێچ بەسەرچاوەکە: ئەویش دیاریکردنی درێژیی کتێبەکەیە، یان لێوارەکەی کە لێکدانی پانییەکەی دەکرێتو قەوارەکەی دەردەچێت بە(سم)، بەمجۆرە:

٤٢٩ل : وێنە؛ ٢٠سم

٥٧ل : وێنە، نەخشەی رەنگاو رەنگ؛ ٢٢X٤٨سم

٤– مادەی تری هاوپێچ: دەتوانرێ لە دەروازەدا دانرێت، یان لەبەشی تێبینییەکان، یان لەکۆتایی وەسفی مادیدا لەگەڵ هێمای کۆکردنەوە(+) ، بەمجۆرە:

٨٧ل : وێنە؛ ٢٤ سم+ ١ رێبەری مامۆستا

٩٧ ل، وێنە؛ ١٨,٢٤سم+ نەوار

### بەشی زنجیرە Series

کۆمەڵێك چاپکراوی سەربەخۆن کە ناونیشانێکی کۆکەرەوە پێکەوەیان گرێدەدات، ئەمە بێجگە لەناونیشانی دیاری هەر مادەیە لەو زنجیرە چاپکراوەدا، ئەم بەشە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

.–(ناونیشانی زنجیرەکە= ناونیشانی بەرامبەر: ناونیشانی فەرعی/ دیاریکردنی بەرپرسیاریی پەیوەست بەزنجیرەکەو، ژمارەی پێوەری نێودەوڵەتی زنجیرەکە؛ ژمارە لەچوارچێوەی زنجیرەکەدا.

ناونیشانی فەرعیی/ دیاریکردنی بەرپرسیاریی فەرعیی زنجیرەکە، ژمارەی پێوەری نێودەوڵەتیی بۆ زنجیرەی فەرعی؛ ژمارە لەچوارچێوە زنجیرەی فەرعیدا).

نموونە:

.–(عالم المعرفة: سلسلة کتب الثقافیة شهریة)

.–(سلسلة فنون الأدب العربي. الفن التمثیلی؛ ٨)

### بەشی تێبینییەکان Notes

هەندێجار دیاریکردنی وەسفی نێو بەشەکان پێویستیان بەزانیاریی تر هەیەو بەپێی بنەماکانیش نابێت لەو جێگایانەی کارتەدا دابنرێت، هەربۆیە بەشێکی تر دانراوە بۆ هەر تێبینییەك کە ناساندنی وردبێ بۆ ماوەکەو لەبەشی تێبینییەکاندا دادەنرێن، ئیتر پێرستکار ئازادە لە تۆمارکردنی هەر سەرنجێکدا لەبڕگەی نوێدا، بەڵام دەبێت سەرنجەکان بەزمانێکی پاراوو بەکورتی بنووسرێن، پێرستکار بۆی هەیە زیاتر لەسەرنجێك بنووسێت، لەوکاتەدا هەریەکەیان لەدێڕی خۆیاندا دەنووسرێن، بنەماکان ٢١ جۆر سەرنجو تێبینییان دیاریکردوە، لەوانە:

سروشتو فۆرمی ئەدەبیی بابەتەکە، زمانەکەی، جیاوازیی لەناونیشاندا، بابەتی هاوپێچ، تێزونامەی زانکۆیی، ناوەرۆکو..تاد.

بۆ نموونە:

– چیرۆکێکی نوێی زانستی.

– وەرگێڕانی دەقو دەقی کتێب Computers today.

– ئەم کتێبە وەڵامدانەوەیە بۆ کتێبی: ئاکار/ عەبدولوەهاب شاعرانی.

– زۆربەی بەشەکانی ئەم کتێبە لەگۆڤاری پەیامی کتێبخانەدا بڵاوبوونەتەوە.

– نامەیەکی(دکتۆرا)یە –زانکۆی ئوردون، ١٩٩٠.

### بەشی ژمارەی پێوەری نێودەوڵەتیو مەرجەکانی کڕین(نرخ) ISBN

بەشێکە لەبەشکانی وەسفی بیبلیۆگرافی کتێب، بەڵام ژمارەی پێوەری کتێب ISBN، ژمارەیەکی دەگمەنە بۆ کتێبو هەندێ دەوڵەت بەکاری دێنن، بەڵام مەرجەکانی کڕین، لەشێوەی نرخی کتێبەکەدایەو بەژمارە دەنووسرێ لەگەڵ کورتکراوەی دراوی مامەڵە پێکراودا، هەرچۆن دەتوانرێ مەرجی تر بنووسرێ، وەك بێ بەرامبەریی بۆ کتێبخانەکان، یان کەسانێك.

### دیاریکردنی بەدواداچوون Tracing

واتە تۆماری سەرەتاکان بۆ بابەتی پێرستکراو، بێجگە لە سەرەتای دەروازەی سەرەکیی، ئەوانە بەم ریزبەندییە دادەنرێن:

یەکەم: سەرەبابەتەکان Subject headings

کە بریتییە لەناوەرۆکی سەرەکیی بابەتەکە، یەك سەرەبابەت دەدرێتە مادەی پێرستکراو، بەڵام لەکاتێکدا بەژمارە ریزبکرێن ئەوا زیاتر لەسەرەبابەتێك دەکرێت، وەکو:

١– وزەی خۆر.

یان:

١.لیبیا–مێژوو.

٢.لیبیا– شەڕی سەربەخۆیی.

سەرنج: سەرەبابەت نادرێت بەکتێبی چیرۆك.

دووەم: دەروازەی زیادەی تایبەت بە بەشدارانی دانانی:

ئەویش بەپێی ریزبەندیی کارتەکە دەبێو تیایدا ناوی کەسان، یان ئەو گروپانە دەنووسرێن کە بەشداربوون لە دانانـدا، ئەوانیش بەریز لەگەڵ پیتەکانی ئەبجەدی عەرەبیدا دادەنرێن

نموونە:

١.زمانی عەرەبی–فەرهەنگ.أ. حجازی، مستەفا، نووسەری بەشدار.ب. ناسیف، عەلی، نووسەری بەشدار. ج. فەرهەنگی زمانی عەرەبی(میسر).

سێیەم: دەروازەی یاریدەدەر بۆ ناونیشان:

ئەمە لەدوای دەروازەی یاریدەدەر بەشدارانی بەرپرسیاریی دادەنرێت، بەهەمان زنجیرەو ژمارەوە، تیایدا وشەی(ناونیشان) دەنووسرێت، ئەمەش لەکاتی ناونیشانی ئەلتەرناتیف، یان شێوەیەکی تری داڕشتنی ناونیشانەکەدا، وەکو:

١.کشتوکاڵ– رێگاکانی وانەوتنەوە.أ. عەبدولحەمید فەوزی، وەرگێر، ب. ناونیشان.

چوارەم: زنجیرە:

گەر بابەتی پێرستکراو زنجیرەکەی دیاریکراوبوو، هەروەها ویسترا دەروازەیەکی زیادەی بۆ دانرێ لەدوای زانیاریی بەدواداچوونی تایبەت بەناونیشان، ئەمەش ژمارەی ریزبەندی دوای دەروازەی زیادەی تایبەت بە بەشدارانی دانان وەردەگرێت، لەگەڵ دەروازەی تایبەت بەناونیشان، لەگەڵ دیاریکردنیدا وشەی زنجیرە دادەنرێ، بەبێ نووسینەوەی ناونیشانی زنجیرەکەو بەم شێوەیە:

١.ئوردون–یاسای دەستووریی.أ. ناونیشان.ب. زنجیرە.

### دەروازەو شێوەکانی

دەروازە، شوێنی گەیشتنەو تێیدا زانیاری تەواو دەردەکەوێتو بەهۆیەوە دەرگا بەڕووی کارەکانی پێرستدا دەکرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی دەروازە ئەمانە دەگرێتەوە:

١ـ ناوی نووسەر کەبەرپرسی سەرەکیی کارەکەیە، ئیتر کەسێك بێت، یان گروپێك.

٢ـ ناونیشان لەهەندێك کاتدا.

### یەکەم: داخڵکردن بەدانەر

**اـ خودی دانەر:**

ئەو کەسەیە کەبەرپرسیارە لەداهێنانی ناوەڕۆکی هزریی یان هونەریی کارەکە، بۆ نموونە:

ـ دانەرانی کتێب

ـ رێکخەرانی بیبلیۆگرافیا.

ـ نەخشەکێشان.

وێنەگران.

ئەوکارەش کەلەلایەن یەك کەسەوە دانراوە هەر لەناوی ئەوەوە دادەنرێت.

نموونە:

– عمر، احمد انور.

– المکتبات العامة بین التخطیط والتنفیذ/ تألیف احمد انور عمر.... الخ

– العقاد، عباس محمود.

– موسوعة عباس محمود العقاد الاسلامیة/ عباس محمود العقاد... الخ

لەکاتی دانانی بەرهەم کەلەلایەن یەك کەسەوە، دەبێت رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

ناوی نووسەر بەشێوەیەکی یەکگرتوویی دادەنرێت، هەرچۆن کاری پێرست دەیخوازێ، بەبێ هیچ پابەندبوونێك بەلاپەڕەی ناونیشانەوە، بەتایبەتی ئەگەر ناوی نووسەر بەتەواوی نەنووسرابوو.

نموونە:

بەرهەمەکانی: محمد هیکل، محمد حسنین هیکل،م، هەموویان لەژێر یەك داڕشتنی یەکگرتوودا کۆدەبنەوە وەکو

هیکل، محمد حسنین.

ئەگەر هاتوو ناوی دوو نووسەر لەیەکبچن دەبێت لەدەروازەدا جیاوازییان بخرێتەڕوو، ئەویش بە:

• دیاریکردنی ناسنامەو فەرمانی هەر یەکێك لەنووسەرەکان، یان.

• دیاریکردنی مێژووی لەدایکبوون یان مردنیان.

حسین، طه (نووسەر).

حسین، طه (پزیشك).

عباس، احسان، ١٩٢٠–

عباس، احسان، ١٩٥١–

باشتریش وایە، ناوی نووسەر ئەگەر بەکورتی لەلاپەڕەی ناونیشاندا هاتبوو، ناوەکەی تەواو بکرێت، بەتایبەت ئەگەر لەیەکچووبوون دەبێت بەم شێوەیە بێت:

نموونە:

ترکي، محمد احمد.

الریاضة، تألیف م.أ.ترکي.

لەم کاتەدا دەبێت کارتی هەواڵەکردن (احالە) لەناوی کورتکراوەوە بۆ ناوی تەواو بێت، ئەگەر ئەمەش نەکرا، دەبێت دەروازەکە بەپێی دەستپێکەر بێت بۆ دەستنیشانکردنی نووسەری بابەتەکە.

نموونە:

ع.ذ.ع

نظرات في السیاسة/ بقلم ع.ذ.ع.ـ

لەکاتی ناوەخوازراوەکاندا، دەبێت دەروازەکە بەناوی راستەقینەوە بێت، لەگەڵ دروستکردنی کارتی هەواڵەکردن لەناوە خوازراوەکەوە بۆ ناوە راستەقینەکە.

نموونە:

عبدالرحمن، عائشة.

نساء النبي: تألیف بنت الشاطيء.

کارتی هەواڵەکردن (احالە): بنت الشاطيء.

بڕوانە:

عبدالرحمن، عائشة.

ئەگەر ناوە راستەقینەکە نەزانرا دەبێت دەروازەکە بەناوی خوازراوەوە بێت.

نموونە:

بیدبا (الفیلسوف).

کلیة و دمنة/ بیدبا؛ ترجمة ابن المقفع.

# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library

NO. 10 – 11/7/2010


## خولێکی کۆمپیوتەر بۆ ژمارەیەك لە کارمەندان

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، بەشەکانی پلان‌و چالاکی‌و IT، خولێکی تایبەت بۆ فێربوونی بەرنامەی (ئێکسڵ) یان بۆ ژمارەیەك لە کارمەندان لەمانگی حوزەیراندا کردەوەو دوو هەفتەی خایاند.

بەڕێز ئیدریس محەمەد لێپرسراوی بەشی پلان‌و بەدواداچوون پێی ڕاگەیاندنین: هەوڵدەدەین خولەکان بەردەوام بن‌و تیایاندا بەرنامەکانی تری کۆمپیوتەر بۆ فەرمانبەرانی تریش بکەینەوە.

## کتێبخانەی گشتیی هەڵەبجەی شەهید داواکارییەکی کەمئەندامان جێبەجێ دەکات

**ڕاگەیاندنی کتێبخانە**

دوابەدوای سەردانی گروپی(فشاری کەمئەندامان) بۆ کتێبخانەی هەڵەبجەی شەهید لە ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٧داو داواکارییان بۆ دروستکردنی (ڕامپا) بۆ ئاسانکاریی هاتوچۆی کەمئەندامان بۆ کتێبخانەی هەڵەبجەی شەهید، وەك ئەرکێکی ئەخلاقی‌و مرۆڤایەتیی، کتێبخانەکە هەستا بە ئەنجامدانی ئەو داواکارییەو ئەمەش بەهەوڵی فەرمانبەرانی ئەم کتێبخانەیە دروستکرا. ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٣ میوانداریی کاك(سەلاحی ڕۆژنامەفرۆش)کرا، وەك کەمئەندامێکی دۆستی چاپکراوەکان، ئەوەش بووە مایەی خۆشحاڵی ناوبراوو سەرجەم خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، کەشایانی هاوکاریکردنی بەردەوامن.



## ڕۆبۆتەکانی محەمەد فەریق حەسەن دەچنە بەهەشت






**ئاسۆی کتێبخانە**

مامۆستا محەمەد فەریق حەسەن چیرۆکنووس‌و نووسەرو وەرگێڕێکی ناسراوی کوردەو لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا دەگات بەمڕۆ بە بەرهەمە بەپێزەکانی کتێبخانەی کوردیی دەوڵەمەند کردوە.

دوایین چاپکراوەکانی نووسەری هێژا، بریتیین لە:

*هونەرو مەسەلەکانی سەردەم، لێکۆڵینەوە (چاپی دووەم).
*لێشاوی دەنگۆ، لێکۆڵینەوە سەبارەت ڕاگەیاندن.
*زمانێکی نێرسالار، کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.
*مێنتەلێتیی خێل، لێکۆڵینەوە.

وێڕای ئەوانەش، بەڕێزی سەرقاڵی بەرهەمێنانی چەند کتێبێکی نوێیە، سەبارەت ئەو بەرهەمانەی ئاماژەی کرد بۆ:

١–ڕۆبۆتەکان دەچنە بەهەشت، کۆمەڵێك چیرۆك.
٢–دەرمانی عیشق، کۆمەڵێك ئەفسانەی وڵاتی ئەفریقا.

## گەورەترین کتێب لە جیهاندا



**بێستون فەرهاد**

(باشترین هزری جیهانی) ناونیشانی ئەو کتێبەیە کە بە گەورەترین کتێب لە جیهاندا دادەنرێ.

ئەم کتێبە، کە هزرو وتەی نەستەق‌و قسەی چەندین کەسایەتی بەناوبانگی جیهان وەك کونفوشیوس‌و مارکیزو شەکسپیرو غاندی‌و...هتد، لەخۆدەگرێت، لە ١٦٠ لاپەڕە پێکهاتووەو درێژییەکەی ٣,٢٠ مەترو پانییەکەی ٢ مەترو کێشیشی ٢٥٠ کیلۆگرامە.

دواجار، ئەم کتێبە لە پێشانگای کتێبی (هاڤانا) ، کە لە شوباتی ڕابردوودا سازکرا، نمایشکرا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (الرياض)

## کاترین هیبۆرن لە کتێبێکدا



بەپێی ئەزموونی دەوڵەمەندی خاتوو (شارلوت شاندلر)ی نووسەری یاداشتنامەی ئەستێرە بەناوبانگەکانی هۆلیود، کاترین هیبۆرن کە لە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی هۆلیودە، ڕازەکانی بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسە درکاندوە.

کاترین باسی لە فیلمی (شاژنی ئەفریقا)ی کردوە کە بەهۆیەوە بووەتە خاوەنی خەڵاتی ئۆسکار.

هەرچۆن لەبیرەوەرییەکانیدا باسی لەوە کردوە کە زۆر کەس پێی سەرسامبوون‌و خۆشیانویستووە، بەڵام ئەو وەڵامی زۆربەیانی نەداوەتەوە.

ملحق (اوراق) المدى

## بەرازیل دەبێتە میوانی پێشانگای فرانکفۆرت

**و. دانش**

لە پێشانگای کتێبی نێو دەوڵەتیی فرانکفۆرتی ساڵی ٢٠١٣دا، بەپێی ڕاگەیێندراوێکی ئەڵمانیا، وڵاتی بەرازیل بۆ دووەمین جار دەبێتە میوانی شەرەفی ئەو پێشانگا گەورە جیهانییە.

بڕیار وایە بۆ ئەو مەبەستەش ڕێکەوتننامەیەك لە شاری بەرازیلیا لەنێوان (یوکا فیریرا)ی وەزیری ڕۆشنبیریی بەرازیل‌و (یورگن بوس)ی بەڕێوەبەری پێشانگاکە ئیمزا بکرێت.

شایانی باسە، بۆ یەکەمجار بەرازیل ساڵی ١٩٩٤ بووە میوانی شەرەفی ئەو پێشانگایەو نووسەرە بەناوبانگەکانی وڵاتی بەرازیل بریتین لەهەریەك لە (پاولۆکویلۆ، پاتریسیا میلوو جۆرج ئەمادۆ).

بۆ ئەمساڵیش، وڵاتی ئەرجەنتین دەبێتە میوانی شەرەفی ئەو پێشانگایە، کە وا بڕیارە لەمانگی ئۆکتۆبەری داهاتوودا بکرێتەوە.

الجريدة الكويتية

## بەرنامەی یەکەمین کۆنفرانسی کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان

**ڕۆژی یەك شەممە ٢٠١٠/٧/١١**

دانیشتنی پاش نیوەڕۆ

ئەم سێ تەوەرە پێشکەش دەکرێن:

١– گرفتی پۆلێن‌و چارەسەرکردنی: سارا محەمەدو سەباح شاویل.

٢– بیبلیۆگرافیا وەك زانستێکی کتێبخانەیی هاوچەرخ: یاسین قادر بەرزنجی.

٣– بەشی منداڵان لەکتێبخانە گشتییەکاندا: جوان عەزیزو گولستان سەعید.

**ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٠/٧/١٢**

دانیشتنی سەرلەبەیانی

تەوەرەکانی بریتیین لە:

١– پێڕستی یەکگرتوو لەکتێبخانەی کوردیدا: یوسف حەمە سەعیدو عیسمەت حاجی برایم.

٢– کارمەندانی کتێبخانە: ئەنوەر محەمەد تاهیرو شاهۆ عوسمان

٣– ئەزمونی کتێبخانەکانی جیهان: ئاسۆ حەسەن.

٤– ئەزموونی کتێبخانەکانی میسر: محەمەد پیران.

دانیشتنی پاش نیوەڕۆ ئەم تەوەرانە دەگرێتە خۆ:

١– کتێبخانەی شارۆچکەکان: محەمەد عەزیز خالیدو ئەحمەد عەزیز.

٢– بەشی خولاوەکان لە کتێبخانە گشتییەکاندا: سازگار جەمال‌و محەمەد شوانی.

٣– بەئۆتۆماتیك کردنی کتێبخانە گشتییەکان: ئاسۆ حەسەن.

**ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٠/٧/١٣**

دانیشتنی سەر لەبەیانی

تەرخانە بۆ ئەم دوو تەوەرە:

١– هەموارکردنی یەکگرتووی پۆلێن لە کوردستاندا: ئاری بابان‌و سەعدوڵڵا پیرداود.

٢– گرفتی کتێبخانە گشتییەکان: خەرامان حەمەدو ئیدریس محەمەد.

پاشانیش:

* گفتوگۆی چڕوپڕ لەسەر ئەو ڕاسپاردانەی کەلیژنەی ڕاسپاردەکان ئامادەیان کردووە.
* خوێندنەوەی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس.
*پێشکەشکردنی بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانس کە لەلایەن لیژنەی باڵاو سەرپەرشتی کۆنفرانسەوە ئامادەکراوە.







سەرنووسەر: یاسین قادر بەرزنجی

ڕاوێژکاران: ئاری بابان ـ شێرزاد سەعید

ستافی کارا: ساکار عەلی عەبدوڵلا ـ تابان حەسەن

نەخشەساز: مەهدی ئەحمەد

تایپو هەڵەبڕی: بەیان عەلی ـ بەهرە عیزەدین

کارگێڕی: ئاشتی دانش

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، کتێبخانەی گشتیی

ت: ٣٢٠٢٧١٦، ٠٧٧٠١٥٢٧٣٣٧

Email: asoyktebkhana@yahoo.com